Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.20720412

# لایەنی ڕامیاریی لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا

**مولود ابراهیم حسن** **حسين صابر علي**

**زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ بەدیارخستنی لایەنی ڕامیاریی لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح کە وەک چیرۆکنووسێکی هاوچەرخی کورد لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم چیرۆکی بڵاوکردووەتەوە و تا ئێستاش بەردەوامە. بۆ ئەم مەبەستە لە دوو تەوەری جیاوازدا توێژینەوەکە بە ئاکام گەیشتووە. لە تەوەری یەکەمدا هەوڵی ناساندنی ڕامیاریی و ئەدەب دراوە، دواتر پەیوەندی نێوانییان خراوەتەڕوو. ئینجا تیشک خراوەتە سەر ڕامیاریی و ئەدەبی کوردی و جۆر و پەیوەندییان دەستنیشان کراوە. لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەشدا گرینگترین تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ڕامیاریی لە چەند خاڵێکدا تۆمارکراوە. لە تەوەری دووەمیشدا لە چوارچێوەی سەرەباسەکانی (ڕوانگەی بەرەنگاریی، ڕوانگەی چارەنووسی نەگۆڕ، ڕوانگەی ڕەخنەیی، ڕوانگەی کردەی ڕامیاریی گەورە لە گۆشەی بچووکەوە)، لایەنی ڕامیاریی لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا دەرخراوە.

***Article Info***

Received: **September , 2022**

Revised: **November, 2022**

Accepted: **December, 2022**

***Keywords***

**ڕامیاریی، ئەدەب، تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ڕامیاریی، ئەدەبی بەرەنگاریی، ڕوانگەی ڕامیاریی**

***Corresponding Author***

mawlud.hassan@su.edu.krd

husseinsabir@yahoo.com

**پێشەکی:**

**لەوەتەی مرۆڤ خۆی و دەوروبەری ناسیوە و چاکە و خراپەی خۆی لێکجیاکردووەتەوە و پلانی بۆ بەرژەوەندی خۆی داناوە، بەشێوەیەکی سادە تێکەڵی کاری ڕامیاریی بووە. ڕامیاریی تێکەڵی زۆربەی بابەتەکانی ژیان بووە، ئەدەبیش ئەو بوارە گرینگەی ژیانی لەخۆگرتووە و بووەتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی.**

## 1-ناونیشانی توێژینەوەکە:

**بریتییە لە: (لایەنی ڕامیاریی لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا)**

## 2-سنووری توێژینەوەکە:

**توێژینەوەکە سەرجەم چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح لەخۆدەگرێت بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی بابەتی ڕامیارییان تێدایە.**

## 3-گرینگی و ئامانجی توێژینەوەکە:

**گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە چۆن ڕامیاریی بووەتە بابەتێکی نێو چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح و ئەو شێواز و ڕوانگانەی چیرۆکنووسیش چین کە لەبەکارخستنی لایەنی ڕامیارییدا بەکاری هێناوە. ئەم توێژنەوەیەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ دەرخستنی لایەنی ڕامیاریی لە چیرۆکی هاوچەرخی کوردیدا.**

## 4-ڕێبازی توێژنەوەیەکە:

توێژینەوەکە بەپێی پلان و میتۆدێکی وەسفیی شیکاریی، گرینگترین لایەنە ڕامیارییەکانی نێو چیرۆکەکان دەرخراوە، بەپێی پێویستیش سوود لە میتۆدی مێژوویی وەرگیراوە

**5-ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە سەرەڕای پوختە و پێشەکی، لە دوو تەوەر پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا ڕامیاریی و ئەدەب ناسێندراون، دواتریش پەیوەندیی نێوانیان لە ڕووی مێژوویی و تێکەڵبوونەوە دیارخراوە. ئینجا سەرەتا و شێوازی دەرکەوتنی ڕامیاریی لە ئەدەبی کوردیدا تیشکی خراوەتەسەر. لە کۆتاییشدا گرینگترین تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ڕامیاریی دەستنیشان کراوە. لە تەوەری دووەمیشدا ڕوانگەی ڕامیارییانەی چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا لە چوار سەرباسی جیاوازدا دەستنیشان کراوە. لە کۆتاییشدا ئەنجام و پوختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: لە بازنەی ناسینی ڕامیاریی و ئەدەب و پەیوەندیی نێوانیان

### 1-1. ناسینی ڕامیاریی

لەو کاتەی مرۆڤ خۆی و دەوروبەری ناسیوە و پلانی ژیانی بۆ خۆی داناوە و بیری لە بەرژەوەندییەکانی کردووەتەوە و چاکەی و خراپەی خۆی زانیوە و لایەنی بەرانبەریشی پەیدابووە، بەشێوەیەک لە شێوەکان تێکەڵی ڕامیاریی (السیاسة –Politics) بە مانا سادەکەی بووە. هەرچەندە ئەوەی لەلا گەڵاڵە نەبووە کە ڕامیاریی چییە و چۆن کاردەکات، بەڵام ژیانی خۆی و دەروبەری، ئەم خواستەی بەسەردا سەپاندووە.بەمەش یەکەم دەرکەوتنی ڕامیاریی لە ژیانی مرۆڤدا پەیوەست بووە بەبیرکردنەوەی لە خۆی و لایەنە دژ و ناکۆکەکان و دەوروبەری و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی و ئەو پلان و تاکتیکانەی بەکاریهێناوە. دواتر ئەمە لە ژیانی مرۆڤێکی ئاسایی درێژدەبێتەوە و دەچێتە ناو خێزان و کۆمەڵگاوە، لەوێشەوە چوارچێوەیەک وەردەگرێت لە سنووری شار و دەوڵەت و تەنانەت ئیمپراتۆرییەکانیش بەرجەستەدەبێت.

بواری ڕامیاری زۆر گەشەی کردووە، وەکو زانستێکی لێهاتووە. ڕامیاری بەشێوە زانستییەکەی ((چوارچێوەیەکی فراوانی هەیە. هەموو ئەو بوارانە لەخۆ دەگرێ کە پێوەندییان بە شێوازی حکوومەت و بەکارهێنانی دەسەڵات و شێوازی کاری ئۆرگانە ڕامیارییەکانەوە هەیە))(ئازاد وەڵەدبەگی، 2011: 314). چەمکی ڕامیاری کە زۆر پەیوەستە بە دەسەڵات و هونەری بەڕێوەبردنی ئیش و کاری دەوڵەتەوە، بەپێی سەردەم و کۆمەڵگا و وڵاتان گۆڕانکاریی زۆری بەخۆوە بینیوە. لەلای ئێمەی کورد بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی داگیرکاری و زەبرو زەنگی حکومەتە داگیرکەرەکانەوە، چەمکێکی ئاشناو باشی نییە، بەڵکو شێوەیەکی وەرگرتووە کە خەڵک سڵی لێدەکاتەوەو خۆیانی لێدەپارێزن. لەگەڵ ئەوەشدا لەدوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991 و دروستبوونی حکومڕانیی کورد لە کوردستانی باشووردا، چەمکەکە تارادەیەکی باش شێوەیەکی ئاشنای لە ژیانی خەڵکی کوردستاندا وەرگرتووە.

دیاریکردنی پێناسەیەکی ورد و گشتگیر بۆ ڕامیاریی کارێکی ئاسان نییە و ناتوانرێت لە چوارچێوەی چەند وشە و ڕستەیەک بناسێندرێت. ڕامیاریی لە چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندایە، پێناسەیەکی ورد و تەواو بۆ گشت بەشەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان کێشەی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەم زانستە بەشێوەیەکی گشتیی چەمکی ڕێژەیی بەسەردا زاڵدەبێت و دیاریکردنی مانا و پێناسەیەکی ورد بۆیان ئاستەنگی لێدەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراوە و پسپۆڕ و شارەزایان هەوڵی ناساندنی ڕامیارییان داوە.

فەرەنسییەکان ڕامیاریی لە دۆخی نێریدا (Le politique) بە بەستێنی کۆمەڵایەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیرو بۆچوونەکان و بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان دەبینن. ڕامیارییش لە دۆخی مێیدا (La politique) بە هونەری فەرمانڕەوایی شار دەبینن.(پول ارون و الأخرون، 2012: 620). لە ناساندنێکی دیکەدا ئەوە هاتووە کە ڕامیاریی ((بریتییە لە بەرپرسیاریەتی و بەڕێوەبردنێکی باش، هونەری دەسەڵاتدارێتییە و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەتە، شەونخونییە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیاندا))(سهیل یوسف سماحة، 2005: 317).

هەردوو پێناسەکە جەخت لەسەر چەند خاڵێکی گرینگی تایبەت بە کاروبار و هونەری بەڕێوەبەردنی دەسەڵات و دەوڵەت و ژیانی هاوڵاتیان دەکەنەوە. پەیڕەوکردنی ئەم خاڵانەش زەمینەیەکی باش بۆ ژیانێکی باشتر دەڕەخسێنێت، بەڵام لە ژیانی ئاساییدا پەیڕەوکردنی ئەم خاڵانە بەتەواوی نابینرێن، بۆیە کێشەی بەردەوام دەبینرێت.

ڕامیاریی وەکو بەشێکی زیندووی ژیان لە چوارچێوەی شارستانییەتی دوور و درێژی مرۆڤایەتیدا هەبووە و بەردەوامیشە. فەیلەسووفی یۆنانی (ئەفلاتون 427 پ ز – 347 پ ز) لە کتێبی (کۆمار)ەکەیدا بایەخی بە بناماکانی ڕامیاریی داوە. لەدوای ئەویش (ئەرستۆ 384 پ ز – 322 پ ز) لە کتێبی (ڕامیاریی)دا، چەند بنەمایەکی گرینگی بۆ داناوە و بەدانەری سەرەکیی بنەماکانی ڕامیاریی دادەنرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەجیاکردنەوەی شێوازە جیاوازەکانی حکومەت و سیستەمەکانی دەوڵەت. دواتر فەیلەسووفی بەریتانی (تۆماس هۆبز 1588 – 1679) لە ڕامیاریی دوواوە، ئەویش چەند بنەمایەکی دەستنیشان کردووە.(محەمەد چیا، 2006: 182). بێگومان فەیلەسووف و شارەزای دیکەش لە ڕامیاریی دوواون.

لە چەمکی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ڕامیاریی چەندین ئامراز و بنەمای هەیە. ڕامیاریی ((چ وەک زانست و چ وەک پیشە، زمانێکی بۆ گوتن هەیە، زمانێک لە حاڵەتی (زانستبوون) و (پیشەییبوون)یدا، تێرم، کۆد و داڵەکانی جیاوازن، هەڵگری تێمای تایبەت و بۆ مەبەست و بە ئاراستەی جیادا کاردەکەن))(پشکۆ نەجمەدین، 2011: 91). ئەمە لایەنی زمانییە کە چەندین زاراوە و چەمکی تایبەت بەخۆی هەیە. لەلایەکی دیکە ڕامیاریی لە سنووری بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا پێویستی بەشوێنێک و ئامرازی هێزی سووپا و پۆلیس هەیە، تەنانەت ئەم شوێن و هێزانە ڕوخسار و ناسنامەی دەوڵەتەکەش دیاردەکەن، لێرەدا پێناسەیەکی دیکە بۆ ڕامیاریی دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕامیاریی ((بریتییە لەو چالاکییەی هەوڵ و تەقەلا بۆ مافی باڵادەستی دەدات، سەبارەت بەو دەسەڵاتەی لەسەر زەوییەکی دیاریکراودا دامەزراوە، لەگەڵ شیاویی بەکارهێنانی هێز یان زەبرو زەنگ لە کاتی پێویستدا. بۆ پاراستنی دەستووری ناوەکی و ئەو دەرفەتانەی سەری لێوە هەڵدەدەن، یاخود بۆ داکۆکیکردن لە کۆمەڵگا دژ بە مەترسییە دەرەکییەکان))(جولیان فرۆند، 1997: 196). هەر چەندە لێرەدا ئەم هێزە و ڕەوایەتی بەکارهێنانی زەبرو زەنگی بۆ مەترسی دەرەکیی دەربڕیوە، بەڵام لە هەندێ سیستەمی ڕامیارییدا، هێزی دەوڵەت بۆ سەرکوتکردن و زەبرو زەنگ لە دژی میللەتەکەی خۆشی بەکارهێناوە.

چالاکیی ڕامیاریی لەلایەن کەسانێکەوە جێبەجێ دەکرێت و ئەو کەسانە بە (ئەندام)ی دەسەڵاتدارییەتی و سیستەمە ڕامیارییەکە یان چالاکییە ڕامیارییەکە لە قەڵەم دەدرێن، بەبێ ئەمانە کارو چالاکییە ڕامیارییەکان مەیسەر نابێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەندامانی یەکەیەکی ڕامیاریی پابەندبوونێکی زۆریان بە هزر و ڕێنماییەکانی لایەنە ڕامیارییەکەی خۆیان هەیە و بەشێوەیەک پابەندی دەبن ((وەک ئەوەی ناوەڕۆکی فرماندەرکردن بکەنە پرنسیپی بنچینەیی ڕەفتاری خۆیان))(جولیان فرۆند، 1997: 197). لەنێو ئەندامانی یەکە ڕامیارییەکانیش، سەرکردە و کادیر و ئەندامی پێشکەوتوو و لایەنگر هەیە. ئەم کەسانەش دەبنە دیوی پێشەوەی لایەنە ڕامیارییەکە و گەلێک ئەرکیان دەکەوێتە سەرشان، دەتوانین بڵێین یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی ئەمانە بریتییە لە ((بینینی هاوکێشە سیاسییەکان، بەکاربردنی کارتەکان، خوێندنەوەی گرفت و قەیرانە سیاسییەکان و کارکردن لەواندا بۆ گەیشتن بە ئەنجامە پۆزەتیڤ و دڵخوازەکان))(پشکۆ نەجمەدین، 2011: 122). بەمشێوەیە یەکەیەکی ڕامیاریی لە چوارچێوەی هزرێکی ڕامیاریی پێشکەوتوو دادەمەزرێت و ڕوخساری یەکە ڕامیارییەکە بەدیاردەکەوێت، ئەمەش لە سەرەتاییترین بیرکردنەوەو خۆبەڕێوەبردنی مرۆڤەوە گەشەی کردووە تاوەکو گەیشتووەتە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتییەکان.

### 1-2. ئەدەب و پەیوەندیی بە ڕامیارییەوە

ئەدەبیش لە چەشنی ڕامیاریی لە چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندایە و چەمکی ڕێژەیی بەسەریدا زاڵە، بۆیە

پێناسەیەکی ورد و تەواو بۆ ئەویش کارێکی ئاسان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی چەند پێناسەیەکەوە دەتوانین لە ناساندنی ئەدەبدا نزیک ببینەوە.

ئەدەب ((لەڕووی (وشە)ییەوە نواندنی خوڕەوشت و هەڵسوکەوتی جوانە لە مامەڵە و پەیوەندی کردنی لەگەڵ کەسانی بەرانبەردا، بەو شێوەیەی کە عورف و عادەت و ئایین و نەریتی هەر کۆمەڵگایەک پەسندییەتی. بەڵام ئەدەب وەکو (زاراوە) لە واتا وشەییەکە جیایە، بریتییە لە نواندنی هونەر لە (گوتە) و (قسەکردن)دا))(پ.ی. سەلام ناوخۆش و ئەوانی تر، 2009: 127). ئەم پێناسەیە جەختی لەسەر وشە و زاراوەی ئەدەب کردووەتەوە و بەشێوەیەکی سادە هەردووکیانی ناساندووە. لە پێناسەیەکی فەرهەنگیدا ئەدەب بەدیوە زاراوەییەکەی بە وردی ناسێندراوە، لە پێناسەکەدا ئەوە هاتووە کە ((ئەدەب بریتییە لە بەرهەمی نووسراوی بەرز کە خاوەن بەهای جوان و زانینی باو بێت لە سەردەمێک لەسەردەمەکاندا. خاوەن شێوازێکی بەرز و بیرێکی پەسندە. یاخود بەرهەمی دەسنووس و چاپکراوی زمانی گەلێکی دیاریکراوە. ئەم دەسنووسە یاخود چاپکراوەش، دەشێ پەخشان یان شیعر بێت))(د. سمیر حجازي، بدون سنة الطبع: 119). ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر چەند لایەنێکی گرینگی پەیوەست بە ئەدەب و شێوەی پێکهاتنی بە پێی زمانی جیاواز و کۆمەڵگا و شارستانییەتی جیاوازەوە دەکاتەوە.

لە ڕووی لەخۆگرتنی بابەتە سەرەکییەکانی ژیاندا، ئەدەب بەوە پێناسە کراوە کە ((بریتییە لە ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵگا لە هەموو ڕووەکانی ئایینی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەقڵی و دەروونی و ڕۆشنبیری و ... هتد))(پ.ی. سەلام ناوخۆش و ئەوانی تر، 2009: 128).بێگومان سەدان پێناسەی دیکەش بۆ ناساندنی ئەدەب هەیە، بەڵام لەم پێناسانەدا تاڕادەیەک لە ناسینی ئەدەب نزیک بووینەوە. ئەدەب لە دوو لایەنی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش (دەقی ئەدەبی) و (ئەدەبناسی)یە. دەقی ئەدەبی بنەما و بنچینەی ئەدەبناسییە کە خۆی لە تیۆری ئەدەب و مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراوردکاری دەبینێتەوە. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا مەبەستانە، پەیوەندی نێوان دەقی ئەدەبی و ڕامیارییە.

ئەدەب و ڕامیاریی وەک دوو کایەی زیندووی ژیان، لە ئەزموونی دوور و درێژییان پەیوەندییەکی زۆریان لەنێواندا هەبووە و بەردەوامیشە. هەردووکیان لە سنووری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا پۆلین دەکرێن. هەردووکیان گرینگی بە ژیان و پلان و خولیا و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەدەن. پەیوەندیی نێوانیان بۆ مێژوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە، لەوێشەوە تاوەکو بە ئێستا دەگات، پەیوەندییەکەیان یەک شێوەی نەبووە، بەڵکو گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە. بەشێوەیەکی سەرەتایی دەتوانین پەیوەندیی مێژوویان لە سێ خاڵدا دەستنیشان بکەین:

1/ شێوازی ئەفلاتوونی کە زمانی کردە ئامرازێکی سیستەمی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای ئەوەی ئەرکی گونجانیشی لە نێوان مرۆڤدا پێسپێردرا، ئەمەش هاوشێوەی ڕێنماییە ئایینییەکان بووە. ئەفلاتوون شاعیرانی لە کۆمارەکەی وەدەرنا یاخود ملکەچی فەیلەسووفانی کردن، چونکە کاریگەریی خراپیان بەسەر لاواندا هەبووە. ئەم بارەش تا سەردەمی بووژانەوە (ڕێنیسانس) درێژەی کێشا.

2/ پاشایەتی ڕەها چەمکەکەی ئەفلاتوونی هەڵگەڕاندەوە، بەڵام سەرچاوە خوداییەکەی هێشتەوە. لەم سەردەمەدا ئەدەب کاروباری خۆی لە بازنەی سەرچاوەی دەسەڵاتی دونیایی (پادشا) ڕێکخست. لەم کاتەدا دەستتێوەردانی ڕامیاریی زۆر بەهێزبوو، لە بەرانبەر پێداهەڵگوتنی پادشادا خەڵات هەبوو، سەرەڕای پلەو پایەی شانازی و شکۆمەندی. هەر ئەوکاتەش سیستەمی چاودێریی بەسەر ئەدەبدا سەریهەڵدا.

3/ لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا سەربەخۆیی نووسەر جێگیربوو. بواری ئەدەب تاڕادەیەک سەربەخۆیی بەدەستهێنا. بابەتی (هونەر بۆ هونەر) بەشێوەیەکی سادە سەری هەڵدا. ئەمەش ئەدەبی لە بازنەیەکی تەنگ هێشتەوە و لە لایەنی کۆمەڵایەتی و سوودی ئەدەب دووری خستەوە. لەم کاتەدا پەیوەندیی نێوان ئەدەب و ڕامیاریی گرژیی تێکەوت. ئەوەی ئەم بارودۆخەی زیاتر ئاڵۆزکرد، وروژاندنی پرسگەلێکی وەک:

هونەری کۆمەڵایەتی و پابەندییەکانی نووسەر و پەیوەندییە ئایدۆلۆژییەکان و ڕەتکردنەوەی سوودگەیاندن بوو.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیشدا کۆمەڵێک هۆکاری ڕاگەیاندن سەریان هەڵدا. ئەرکی ئەدەب لە پێگەیاندنی گشتیی هاوڵاتیاندا پاشەکشەی کرد و وەکو بابەتێکی سەربەخۆ بەرەو ناوەوەی خۆی هەنگاوی نا.(پول ارون و الأخرون، 2012: 620-621). ئەمە کورتەیەکی مێژوویی بوو سەبارەت بە پەیوەندیی ئەدەب و ڕامیاریی، بێگومان لەو ماوە دوور و درێژەدا پەیوەندییەکان بەیەک شێوە نەبووە و هەڵکشان و داکشانی تێکەتووە.

پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕامیاریی لە ڕێگەی دەقی ئەدەبییەوە بەرجەستە دەبێت، واتا لەناو دەقدا لایەنی ڕامیاریی بەشێوەی تێمەی سەرەکیی لە دەقەکەدا هەبێت یاخود بەشێوەی لاوەکیی و ئاماژەیەکیش. ئەوەی گرینگ و جێگەی سەرنج دەبێت، ئەو کاتەیە کە دەبێتە تێمەی سەرەکیی دەقەکە. بێگومان ئەمەش نابێت لەسەر شانی جوانیی دەقەکە بێت و لایەنە ڕامیارییەکە ((وەکو تیۆر و ئایدۆلۆژیا لە ئەدەبدا ڕەنگ نەداتەوە))(نەجات حەمید ئەحمەد، ئابی 2005: 89) بەڵکو لایەنە ڕامیارییەکە وەکو بابەتێکی ئەدەبیی بەدیاربکەوێت. لەلایەکی دیکە هەردووکیان بابەخ بە تاک دەدەن، دواتر ئەو تاکە دەبێتە بناغەی کۆمەڵگایەک. دەقی ئەدەبی لەلایەن تاکێکەوە دەنوسرێت، بابەتی سەرەکیشی پەیوەستە بە تاکەکانی کۆمەڵگا. ڕامیارییش پەیوەستیی تاک بە کۆمەڵگاوە دەگەیەنێت.(شوقي عبدالحميد يحيى، نوفمبر 2020). لێرەدا خاڵێکی هاوبەشیان زەق دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی باسمان کرد، ((ئەدەب وەک کانیاوێکی زانیاریی لە هەندێ بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێت، بۆ نموونە ڕۆمانی واقیعی وێنەی چەندین کەس دەکێشێت و بەوردی ژیانیان باس دەکات، ئەمەش یارمەتی زانایانی کۆمەڵناسی دەدات تا توێژینەوە لە هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی بکەن. هەر ئەمەش دەبێتە یارمەتی دەرێک بۆ زانایانی ڕامیاریی بۆ تێگەیشتن لە خوڕەوشتی هەندێک کەس))(الدكتوره أمل حسن أحمد، 2015: 401).

لە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و ڕامیارییدا، هەنگاوی بەرچاو بەدیکراوە و زاراوەی تایبەتیشی بۆ دروستبووە. لەم بوارەدا فەیلەسووف و نووسەری دیاری فەرەنسا (ژاک ڕانسێیر 1940 – 0000)، زاراوەی (ڕامیاریی ئەدەب – السياسة الأدب)ی داهێناوە. مەبەستی لەم زاراوەیە ئەوەیە کە ((ئەدەب باس لە ڕامیاریی دەکات بەو پێیەی ئەدەبە. ئەمەش پێویست بەوە دەکات پرسی ئەوە نەکرێت ئەدیبان چالاکیی ڕامیاریی بکەن. بەواتایەکی دیکە خۆتەرخانکردنیان دێت بۆ هونەرە پاگژەکان. ئەم پاگژی و خۆتەرخانکردنە پەیوەندی بە ڕامیارییەوە هەیە، ئەمەش پێویست دەکات پەیوەندییەکی جەوهەری لە نێوان ڕامیاریی بەو پێیەی تیۆرێکی تایبەتە لە شێوەکانی کاری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەدەب کە ئەمیش ئارەزوویەکی دیاریکراوە لە هونەری نووسیندا هەبێت))(جاك رانسيير، 2010: 15). لەلایەکی دیکە ئەوە دەبینین کە ((چەمکی ئەدەب پەیوەستییەکی پتەوی بە چەمکی سیاسەت و ئایدۆلۆژیاوە هەیە، هەردووکیان کار بۆ فەراهەمکردنی ژیانی مرۆڤ و ڕێکخستنی کاروبارەکان و چالاکییەکانی کۆمەڵگە دەکەن))(د. عەبدوڵڵا ڕەحمان، 2020: 32).

دەقی ئەدەبی زۆرجار دەبێتە کێڵگەیەکی بەپیت بۆ توێژەرانی بابەتە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، وەک: (مێژوو، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕامیاریی ... هتد). توێژەرانی ئەم بوارانە دەتوانن لە دەقی ئەدەبیدا بەهاکانی پەیوەست بەخۆیان بدۆزنەوە، لەگەڵ دیاریکردنی شێوەی زاڵی بەهاکان و گۆڕانکارییان. لە دەقی ئەدەبیدا لایەن و بەهای ڕامیاریی دەدۆزرێتەوە. لێرەدا پەیوەندییەکە زیاتر لە چوارچێوەی لایەنی تیۆری ڕامیاری و تیۆری ئایدۆلۆژی و بەها ڕامیارییەکاندا لە دەقدا دەبینرێت و پەیوەستی یەکدەبن. بەڵام لایەنی ڕامیاریی بە چەمکە زانستییەکەی لە ئەدەب دووردەکەوێتەوە و بونیادێکی سەربەخۆی دەبێت. ڕامیاریی بە چەمکە زانستییەکەی ((ئەو لایەنەی سیاسەتە کە لەگەڵ ئەدەبدا یەک ناگرێتەوە، کاتێک چەمکەکانی سیاسەت بۆ چەند زاراوەی زانستی و ئەکادیمی خورد دەکاتەوە، لەوێدا سیاسەت کاتێک دەکرێتە زانستێک لە زانستەکان، پەیوەستەکانی خۆی لەگەڵ ئەدەبدا دەپچڕێنێ، لە گۆشەیەکی

**دیکەوە هۆکاری ئەم جیابوونەیەش لەو هۆکارەوەیە کە ئەدەب هەمیشە زیاتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی کارکردن لەسەر ژیان، لەو مانایانەدا کاردەکات کە پەیوەست بە هەست و بیرکردنەوە و کاریگەریی دەروونی و زەینی و سەرنجدان لە مرۆڤ))(نەجات حەمید ئەحمەد، ئابی 2005: 84) خۆی دەبینێتەوە، لەوکاتەی ڕامیاریی بە چەمکە زانستییەکەی شێوەیەکی وشکی هەیە.**

**لەگەڵ ئەوەی هەر لە زووەوە پەیوەندی لە نێوان ئەدەب و ڕامیاریی هەبووە و گەشەشی کردووە، لە بەرانبەردا ئەو دەنگەش هەیە کە ویستوویەتی ئەدەب لە بوارەکانی دیکەی ژیان بۆ نموونە ڕامیاریی دووربخاتەوە، بەتایبەتیش دەنگی ((تەوژمی ئەدەبیی هونەر بۆ هونەر و ئەدەبی بێگەردی جوانکاری))(نەجات حەمید ئەحمەد، ئابی 2005: 79) بوون کە دەرگای ئەدەبیان بەڕووی بوارەکانی دیکەی ژیان دادەخست و ئەدەبیان تەنیا لە ناوەوەی خۆی و لە سنووری خۆی دەهێشتەوە.**

## 1-3. ڕامیاریی و ئەدەبی کوردی

**وەک ئەوەی گوتراوە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانە و دەربڕین لە خولیا و ئارەزووەکانی تاک و کۆمەڵگا دەکات، ئەدەبی کوردیش بەگشت ژانەرەکانییەوە لەم چەمکە بەدوور نییە. پەیوەندی ڕامیاریی و ئەدەبی کوردی، پەیوەندییەکی واقیعییە و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کوردستانە. وەک ئاشکرایە کوردستان وڵاتێکی داگیرکراوە، ئەم بارەش وای کردووە گەلی کوردستان لە تێکۆشاندا بێت تا لە داگیرکراوی ڕزگاری ببێت. خەباتی گەلی کوردستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئەدەبەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە.**

**ئەدیبانی کورد کە بەشێکی توێژی ڕۆشنبیرانن، ((وشەی پیرۆزیان لە پاڵ چەکی پێشمەرگەدا شان بەشان بەکارهێناوە و ئاگری شۆڕشیان خۆشکردووە و لاوانیان ئاڕاستەکردووە و تۆوی نەتەوەخوازی و نیشتیمان پەروەرییان لە دڵ و دەروونندا چاندووە و وەرچەرخانێکی نوێیان خستۆتە ڕەوتی خەباتی کوردایەتییە و لە شاخەوە گواستوویانەتەوە بۆ نێو شار و ڕێڕەوی ڕۆژنامەنووسی و خۆپیشاندان و مانگرتنیان گرتۆتە بەر))(د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، 2010: 95).**

**ئەم بارودۆخە تایبەتییەی کوردستان وای کردووە جۆرە ئەدەبێکی ڕامیاریی لیبکەوێتەوە کە بە ئاسانترین شێوە دەتوانین ناوی (ئەدەبی بەرەنگاریی) لێ بنێین. ئەمەش بەرەنگاربوونەوەی هێرشی داگیرکەر و بەرگریکردن بووە لە خاک و گەلی کوردستان. ئەمەش بابەتێکی ئارەزوومەندانە نەبووە، بەڵکو ((بارودۆخی سیاسی ئەدەبی بەرگریی وەکو پێداویستییەکی گرنگ سەپاندۆتە سەر ئەدەب، دەرئەنجامی ساڵەها زوڵم و چەوساندنەوە، نووسەری کورد چەمکی سیاسی لە ڕێگەی ئەدەبی بەرگرییەوە هێناوەتە نێو ئەدەبەوە))(نەجات حەمید ئەحمەد، ئابی 2005: 88). واتا شێوەی ئەدەبی ڕامیاریی کوردی، سەرەتا شێوەی ئەدەبی بەرەنگاریی وەرگرتووە و کەمتر خۆی لە بنیادی هزری ڕامیاری و بەها ڕامیارییەکان داوە. دواتر بەپێی هەڵکشانی بارودۆخی ڕامیاریی و جیهانبینیی ئەدیبانەوە، وردە وردە ڕامیاریی وەکو لایەنێکی سەرەکی و گوتارێکی ئاڕاستەکراو، ئینجا بە شێوەی ڕاستەخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.**

**لەچوارچێوەی ژانری چیرۆکدا دەتوانین ئەم بارە لە چیرۆکی ((محەمەد مەولود مەم و کاکەمەم بۆتانی و محمەد موکری و حوسێن عارف و لەو ساڵانەی دواییشدا چەند نووسەرێکی کۆتایی هەشتاکان زیاتر لەو چەمکەی سیاسەت و ئەدەب لە نووسینە ئەدەبییەکانیان کاریان کردووە))(نەجات حەمید ئەحمەد، ئابی 2005: 88). بێگومان چیرۆکنووسی دیکەش هەنە. بەرهەمی ئەوانەش بەپێی قۆناغ و بارودۆخی ڕامیاریی و جیهانبینییان، شێوەی جیاوازی وەرگرتووە. وەک ئاشکرایە لەنیوەی دووەمی ساڵانی حەفتا تاوەکو ڕاپەڕینی ئاداری 1991، ئەدەبی کوردی دابەشببوە سەر ئەدەبی شاخ و ئەدەبی شار. بێگومان ڕادەی ئازادیی و دەربڕین لەم دوو بارەدا وای کردووە دوو جۆرە ئەدەب بەتایبەتی لە ڕووی ڕامیارییەوە بەدی بکرێت، بەئاسانترین شێوەش دەتوانین ئەوە بڵێین کە بابەتی ڕامیاریی بێ پەردە و پێچ و پەنا لە ئەدەبی شاخدا دەدۆزرێتەوە، بەڵام ئەوەی لە شارە، بەشێوەی هێما و ڕاز باسی لە بابەتی ڕامیاریی کردووە.**

## 1-4. تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ڕامیاریی

چیرۆک وەکو ژانرێکی ئەدەب خاوەن پێکهاتەو تایبەتمەندی هونەریی خۆیەتی. ناساندن و پێناسەکردنی هەر ژانرێکی ئەدەب بەشێوەیەکی تەواو و رێکو پێک، کارێکی ئاسان نییە، هەرچەند هەوڵبدەین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بکەین، بەڵام بەشێوەیەکی تەواو ناگەینە بنچ و بنەوانی و ناتوانین پێناسەو چەمکەکەی بەتەواوی دیارو روون بکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی رەسەن، هەوڵی ناساندنی دەدەین.

لە فەرهەنگی (Oxford)دا، چیرۆک بەم شێوەیە ناسێندراوە: ((پارچە نووسینێکە لە رۆمان کورتترە، وەسفکردنی خەڵک و رووداوە، بەڵام راستی نییە))(Oxford, 2006: p658,706). فەرهەنگی (Cambridge) لە پێناسەی چیرۆکدا دەڵێت: ((کارێکی وەسفئامێزی راست یان خەیاڵییە، لە زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراوی رووداو پێکدێت))( Cambridge, 2013: p1546). ئەم پێناسەیە زیاتر جەختی لەسەر لایەنی هونەریی و بونیاد کردووەتەوەو کەمتر بەلای ناوەرۆکدا چووە. لە رووی زاراوەیشەوە بەچەند شێوەیەک چیرۆک ناسێندراوە، وەک: ((زنجیرەیەک رووداوە لە کاتێکی گونجاو و دیاریکراودا، خاوەنی بونیادێکی رێکو پێکە، ئەمەش بەهۆی چنینێکی ئەدەبییەوە دەبێت))( M.H. Abrams, 2005: p181). ئەمە پێناسەیەکی باشە، جەختی لەسەر چەند لایەنێکی ئەدەبیی چیرۆک کردووەتەوە، وەک: کات و بونیاد و چنین. تەنیا ئەو خەوشەی تێدایە کە دەڵێت (زنجیرەیەک رووداوە)، مەرج نییە لە چیرۆکدا زنجیرەیەک رووداو هەبێت، دەشێ خاوەنی یەک رووداویش بێت.

(د. ئیبراهیم قادر محەمەد) وەک پسپۆرێکی بواری چیرۆک لە تێزی دکتۆراکەیدا دەڵێت: ((کورتە چیرۆک بەسەرهاتی ژیانی کەسێکە یان چەند کەسێک و لەیەک گۆشەوەو لەکاتێکی دیاری کراوداو یەکێتی یەک پیشان بدات))(ئیبراهیم قادر محەمەد، 1997:232). ئەمە پێناسەیەکی تاڕادەیەک باشە، چونکە قسە لەسەر خودی چیرۆک دەکات نەک چیرۆکنووس و دەوروبەری. لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا ئەوە دەربڕاوە کە بەسەرهاتی چیرۆک تایبەتە بە کەسێک یان چەند کەسێکەوە، بەڵام لەیەک گۆشەوە، واتا سنوورەکەی دیاریکراوە، چونکە سروشت و قەبارەی چیرۆک بەشێوەیەکی گشتی بچوک و کورتە، ناتوانرێت بەدوورو درێژی باس لە هەموو بەسەرهاتەکانی کەسێک یان چەند کەسێک بکرێت، کاتەکەشی دیارکردووە کە دەبێت دیاریکراوبێت، واتا دوورو درێژو فراوان نەبێت. لە نێوان هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی چیرۆکیشدا یەکێتییەک هەبێت و بەشێوەیەکی هونەریی بەیەکەوە بەسترابنەوە.

چیرۆکی هونەریی بواری ئەوەی تێدایە ئاوڕ لە بابەتە جیاوازەکانی ژیان بداتەوە و بەپێی ئاستی رۆشنبیریی و لێزانی و جیهانبینیی چیرۆکنووسەکەیەوە ئاوێتەی چیرۆکەکەی بکات. بابەتی رامیارییش یەکێکە لەو بابەتانەی دەمێکە بووەتە ناوەرۆکێکی دیار و رەسەنی چیرۆکی هونەری.

چیرۆکی رامیاریی بەتەواوی لە جۆرەکانی دیکەی چیرۆک بەتایبەتی لەرووی بنیاد و تەکنیکەوە جیاواز نییە، دەکرێت هەمان بنیاد و تەکنیکی جۆرەکانی دیکەی هەبێت، بەڵام لەرووی ناوەرۆکەوە، لایەنی رامیاریی بەسەردا زاڵدەبێت. دەتوانین گرینگترین تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی رامیاریی لەم خاڵانەی و خاڵی دیکەش بەدی بکەین:

1/ چیرۆکی رامیاریی چیرۆکێکی مەبەستدارە، مەبەستەکەشی خۆی لەو گفتوگۆیانە دەبینێتەوە کە تایبەتە بە گرینگترین ئەو کێشە رامیاریانەی کە باسی لێوەدەکات، ئەمەش وادەکات کەمتر بایەخ بە وەسفکردنی ژینگە و کەسەکان بدرێت. نووسەرەکەی هەوڵی بەرجەستەکردنی باشییەکانی ئایدۆلۆژیایەکی رامیاریی دیاریکراو دەدات. زۆرجاریش بە ئایدۆلۆژیای نەیارەکەی بەراوردی دەکات.(الدكتور محمد التونجي، ج2، 1999: 494).

2/ چیرۆکی رامیاریی لە چەشنی رۆمانی رامیاریی، کێشە و بابەتە رامیارییەکان رۆڵی سەرەکیی تێدا پێکدەهێنن، ئەمەش بەشێوەیەکی راستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ. مەرجیش نییە نووسەرەکەی سەر بە پارتێکی رامیاریی بێت، بەڵام خاوەن ئایدۆلۆژیایەکە و بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەوڵی ئەوە دەدات خوێنەر بڕوا بە ئایدۆلۆژیایەکەی بهێنن. ئەم جۆرە چیرۆک و رۆمانە وەکو هەر چیرۆک و رۆمانێکی دیکە،

گشت پێکهاتە هونەرییەکانی چیرۆک یان ڕۆمانێکیان تێدایە، بەڵام خاوەن گۆشەنیگایەکی ڕامیاریی دیاریکراوە.(د. طە وادی، 1996: 10).

3/ چیرۆکنووس سوود لە ڕووداو و بەها ڕامیارییەکان وەردەگرێت کە لە ڕابردوو یان لە سەردەمی ئەودا هەبوونە. دەشێ ناوەرۆکە ڕامیارییەکەشی ئاڕاستە و هزر، یاخود کێشە و بەهاکان بێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەیەکی ڕامیارییەوە هەبێت و ڕوون و ڕەوان، یان بەشێوەیەکی هێمایی دەربڕرێن تاوەکو ببێتە ڕەنگدانەوەی هەندێ ڕووداو کە لەکاتی نووسینی دەقەکەدا هەبووە، یاخود سوودی لە کەلەپوورێکی کۆمەڵایەتی وەرگرتبێت و بەسەر واقیعی ئێستادا پەیڕەوی بکات.(الدكتوره أمل حسن أحمد، 2015: 408).

4/ پێویستە شاکەس یان زۆربەی کەسەکانی دەقەکە ڕۆڵێکی ڕامیارییان هەبێت، ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی و لە ژیانیاندا پەیڕەوی بکەن. دەشێ کەسەکان لێپرسراو یان بەرهەڵستکار بن، تەنانەت لە ڕیزی خەڵکی ئاساییش بن. ئەم کەسانە بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن یاخود هەڵوێستێکی ڕامیاریی وەردەگرن، هەڵوێستەکەش لە چوارچێوەی باری ڕامیاریی ناوەخۆبێت، یاخود سیستەمێکی ڕامیاریی نێودەوڵەتی.(الدكتوره أمل حسن أحمد، 2015: 408).

5/ گوتاری چیرۆکی بەرەنگاری (وەک جۆرێکی چیرۆکی ڕامیاریی) دەربڕین لە ناسنامە و لایەنی مرۆڤایەتی میللەتێک دەکات کە کەوتبێتە ژێر هەڕەشەی لەناوچوون و سڕینەوەی ناسنامەکەی. ئەم جۆرە چیرۆکە تێکۆشانی میللەتێک دەخاتە چوارچێوەی خۆیەوە کە گەلێک بەرفراوانتر و گشتگیرترە لە کێشەی تاکەکەسێک.(محەمەدفەریق حەسەن، 2012: 104،106).

6/ زۆرجار چیرۆکی بەرەنگاریی لە چوارچێوەی بەرگریی نامێنێتەوە، بەڵکو کاردانەوە و شۆڕشی لێدەکەوێتەوە. ئەم ئاستەش تا لەناوبردنی نەیار و سەربەخۆیی میللەتێک هەنگاودەنێت. هەرچەندە شەڕو شۆڕ و کوژرانی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئەدەبێکی دژە ژیان نییە، بەڵکو هەوڵی پاراستنی ژیانی میللەتێک دەدات کە ڕووبەڕووی هەڕەشە بووەتەوە، هەر بۆیە چیرۆکی بەرەنگاریی دواجار چیرۆکێکی ڕامیارییە. دەکرێت کەسێکی چیرۆکێکی ڕامیاریی ببێتە نوێنەری میللەتێک، لەو کەسەدا بارودۆخی ڕامیاریی میللەتەکە بزانین، ئەمەش لەگەڵ قەبارە و لایەنی هونەریی چیرۆکەوە زۆر گونجاوە.

## تەوەری دووەم: لایەنی ڕامیاریی لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا

دەقی ئەدەبی بواری ڕامیاریی لەخۆگرتووە، زۆر دەق هەیە بابەتی ڕامیاریی تێیدا تەوەری سەرەکییە، بۆ نموونە شیعری (بیست و حەوت ساڵە)ی فایەق بێکەس و ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد و چیرۆکی (نان و کەوەری خوێناوی)ی حسێن عارف و شیعری (هەولێر لە یەکی شوبات)ی پەشێو و سەدان دەقی دیکەش. لایەنی ڕامیاریی لەتەک لایەنەکانی دیکەی ناوەرۆکی چیرۆک وەک: (کۆمەڵایەتی، ئاینی، وەرزش ... هتد) لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا بەشێوەیەکی گرینگ و ڕەسەن بەدیاردەکەوێت. لەو پەنجا چیرۆکەی کە ئارام کاکەی فەلاح تاوەکو ئێستا بڵاویکردووەتەوە، دەتوانین لایەنی ڕامیاریی لە چەند چیرۆکێکی بە شێواز و ئاستی جیاواز ببینین. ئەوەی زۆر پەیوەستە بە بارودۆخی ڕامیاریی کوردستانەوە، بەتایبەتیش لە چلەکانی سەدەی بیستەم تا ڕاپەڕینی ئاداری 1991 و لێکەوتەکانی لەو چیرۆکانەیدا دەبینرێن. لایەنە ڕامیارییەکانیش لەو ڕووداوانەدا خۆیان دەبیننەوە کە زیاتر شێوەیەکی شەڕ و شۆڕ و کارەسات و ئاوارەیی و نەهامەتی لێکەوتووەتەوە. ڕوانگەی چیرۆکنووس بۆ زۆر لەم ڕووداوانە بەیەک شێوە نەماوەتەوە، بەڵکو گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. دەتوانین لایەنی ڕامیاریی لە چیرۆکەکانیدا لە چوار ڕوانگەی جیاوازەوە ببینین، ڕوانگەکانەش ئەمانەن:

### 1-2. ڕوانگەی بەرەنگاریی

کوردستان لە ماوەی دوور و درێژی داگیرکراویدا، ڕووبەڕووی گەلێک هێرش و زوڵم و زۆرداری داگیرکەران بووەتەوە، ئەمەش وای کردووە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی بەپێی توانایان بەرەنگاری داگیرکەر و نەیاران ببنەوە. ئەم بارودۆخەش لە گشت ژانرەکانی ئەدەبی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە. ((ساڵانێکی

**زۆرە ئەدەب و سیاسەت لە گۆشەی ئەدەبی بەرگرییەوە تەماشا دەکرێت، هۆی ئەم دیاریکردنە یەک گۆشەییە لەوێوە بووە کە بارودۆخی سیاسی ئەدەبی بەرگریی وەکو پێداویستییەکی گرنگ سەپاندۆتە سەر ئەدەب، دەرئەنجامی ساڵەها لە زوڵم و چەوساندنەوە، نوسەری کورد چەمکی سیاسی لەڕێگەی ئەدەبی بەرگرییەوە هێناوەتە نێو ئەدەبەوە))(نەجات حەمید ئەحمەد، ئابی 2005: 88). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بارودۆخێکی تایبەت وای کردووە ئەمجۆرە ئەدەبە لە نێو کورددا سەرهەڵبدات، نەوەک ئارەزوویەکی تایبەتی ئەدیبانی کورد. ئەمەش واقیعییەتی ژیان و ئەدەبی میللەتی کورد پیشاندەدات.**

**چیرۆکی بەرەنگاریی وەکو بەشێکی ئەدەبی بەرەنگاریی، پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، لە پێناسەیەکدا ئەوە هاتووە کە ئەمجۆرە ئەدەبە ((داوای ئازادی و بەگژداچوونەوەی خۆسەپاندن و داگیرکردن لەلایەک و دەنگی پیاهەڵدانە بە بەهای ئازایەتیی و پاڵەوانیی و خۆبەختکردن و یەکێتیی لەلایەکی دیکە))(د. کەمال مەعرووف، 2003: 41). چەمکەکانی نێو ئەم پێناسەیەش لەگەڵ یەک یان بەجودا لەزۆر بەرهەمی ڕامیاریی ئەدەبی کوردیدا هەستی پێدەکرێت. ئارام کاکەی فەلاح لەو پێنج چیرۆکەی کە لە ماوەی (1983 – 1987) کە لە کوردستاندا لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و گۆڤاری (بەیان) بڵاویکردوونەتەوە، هیچ بابەت و لایەنێکی ڕامیاریان لێ نابینرێت، زیاتر لایەنی کۆمەڵایەتی لە چەشنی خێزان و هاوڕێیەتی و خۆشەویستیی نێو زانکۆ بەدی دەکرێت. یەکەم دەرکەوتنی لایەنی ڕامیاریی لە چیرۆکەکانیدا لە کۆمەڵە چیرۆکی (زێراب - 1991) دەبینرێت. ئەم کۆمەڵە چیرۆکەش لە چیرۆکەکانی (زێراب، دۆزینەوە، ڕێگایەکی تر بۆ عەشق، سڕبوون، ئەفسانەی مەرگ، تارمایی نێو پەنجەرەکە)) پێکهاتووە و لە چەند چیرۆکێکی ئەم کۆمەڵەیەدا لایەنی ڕامیاریی بە تایبەتی لە ڕوانگەی بەرەنگارییەوە دەبینرێت.**

**لەو کاتەی ئارام کاکەی فەلاح لە سوریا پەناهەندە بووە، چیرۆکی (زێراب)ی لە تشرینی دووەمی 1987 لەوێ نووسیوە. یەکەمجار لە ژمارە (5)ی گۆڤاری (یەکگرتن) کە لە دانیمارک دەردەچوو، لە ساڵی 1998 بڵاویکردووەتەوە. دواتر ساڵی 1991 وەکو کۆمەڵە چیرۆکێک هەر بەناوی (زێراب) لە سوید بڵاویکردووەتەوە. لەم چیرۆکەدا لایەنی ڕامیاریی هەیە، بەتایبەتیش لایەنی بەرەنگاریی. شێرۆ کەسی سەرەکیی چیرۆکی زێرابە، قوتابی زانکۆ بووە، بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانەکان و هاندان و جۆشدانی خەڵک دژی جەور و ستەمی دەسەڵاتی ئەوکات، لە زانکۆ دەردەکرێت. لە سەربازیی شەڕی عێراق و ئێرانیش هەڵدێت (ئارام کاکەی فەلاح، 1991: 15) و بەتەنیا لە ژێرزەمینێکدا دەژی. جارجارە خوشکێکی هاتووەو پێداویستی بۆ هێناوە، دواتر ئەویش لەگەڵ پیاوەکەی دەچنە شاخ و شێرۆ بە تەنیا دەمێنێتەوە. ئەم چیرۆکە کەشی ساڵانی هەشتای کوردستانی باشووری بەسەرەوەیە. لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا، قوتابییانی زانکۆ چەند جارێک خۆپیشاندانیان دژی ڕژێم ئەنجامدا. هەر ئەوکاتیش گەرمەی شەڕی عێراق و ئێران بوو. ئەمانە کاریگەرییان بەسەر شێرۆ جێهێشتووەو دوارۆژیان تاریک کردووە. لەلایەکی دیکە (چوونە شاخ) کە وەک دەربڕینێکی ڕامیاریی لێکدەدرێتەوە، لێرەدا چوونە شاخ بۆ مەبەستی گەشتیاری و سەردان بەکارنەهاتووە، بەڵکو لە جیاتی بوونە پێشمەرگە بەکارهاتووە، چونکە پێشمەرگە لە ساڵانی هەشتادا بەزۆری لە شاخ و چیایەکانی کوردستان بوونە. ئەگەر بگوترابوایە فڵانە کەس چووەتە شاخ، بەواتای بوونە پێشمەرگەو چوونە ڕیزی شۆڕشەوە هاتووە. یەکەم ئاوڕدانەوەی ئارام کاکەی فەلاح بەلای ڕامیارییەوە لە چیرۆکەکانیدا بۆ ئەو ڕووداوانە دەگەڕێتەوە کە لە ساڵانی هەشتادا ڕوویانداوەو خۆشی لەو ساڵانەدا لە کوردستان بووەو تێیدا ژیاوە. وەک لە چیرۆکەکەدا هاتووە، شێرۆ لە سەربازیی شەڕی عێراق و ئێران هەڵاتووە. بێگومان (هەڵاتن) بەشێوەیەکی گشتی مانایەکی ئەرێنی نابەخشێت، بەڵام لێرەدا هەڵاتنە لە جەنگێکی ناڕەوا کە هیچ پەیوەندییەکی بە کوردەوە نەبووە، بۆیە هەڵاتن لێی، هەڵاتن و دوورکەوتنەوەیە لە شەڕێکدا کە دوورو نزیک پەیوەندی بە کوردەوە نەبووە. بۆیە وەکو جۆرێک لە بەرەنگاریی لەبەرانبەر**

جەنگێکی نارەوادا سەیردەکرێت و بەو شێوە تایبەتییە بەرەنگاری دەسەڵاتی هەشتاکانی عێراق بووەتەوە.

لە چیرۆکی (دۆزینەوە)دا، ئەگەرچی پەیوەندی ئەڤینداریی سوارەو نازەنین بابەتی سەرەکیی ئەم چیرۆکە پێکدەهێنێت، بەڵام یاخیبوون و پارتیزانیی سوارە لەبەرانبەر پیاوانی ڕژێمدا، لایەنێکی دیکەی ئەم چیرۆکەیە. سوارە گەنجێکی شارە، ڕۆژانە لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە داوای ناسنامەی لێکراوەو بیانووی پێگیراوەو ئازاریش دراوە، وەک پەرچەکردارێک بەرانبەر ئەو ستەمانەی لێی دەکرا، دەچێتە شاخ.(ئارام کاکەی فەلاح، 1991: 23).چوونە شاخی سوارەش کارێکی لەخۆڕانەبووە، بەڵکو پەیوەست بەو بارودۆخە بووە کە لە دەوروبەری ڕوویدەدا و خۆشی پڕوشکی بەردەکەوت. ئەم بارەش زۆر گەنجی ناچارکردووە کە ڕووبکەنە شاخ و لە دەستی ستەم و زۆرداریی پیاوانی ڕژێم دوور بکەونەوە. چونکە ((تۆ وەک گەنجێک کە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژییت، لە شاردا ناتوانیت بەهیچ شێوەیەک وەک گەنجێک بژیت، هیچ جۆرە کەرامەتێکی تۆ پارێزراو نییە، هەموو ڕەهەندە ئینسانییەکانی تۆ پێشێل دەکرێت، ئەوکات تۆ پەنا دەبەیت بۆ شاخ))(پشکۆ نەجمەدین، 2011: 74-75). دوای چوونە شاخ، سوارە شەوانە دێتەوە شارو چالاکیی پارتیزانی بەرانبەر پیاوانی ڕژێم ئەنجام دەدات. ڕۆژێک بە جلی کرێکاری دەبینرێت، ڕۆژێک دەبێتە مامۆستا. خەڵک خۆشیان دەوێت و پشتگیریی لێدەکەن. سوارە نموونەی گەنجێکی ئازا و تێکۆشەری ساڵانی هەشتای کورستانی باشوورە، وەک پێشمەرگەیەکی نێو سەنگەر لەبەرانبەر پیاوانی ڕژێم دەوەستێت و بەرەنگاریان دەبێتەوە و درێژە بە ئەڤینی نازەنین و وڵاتەکەی دەدات.

لە چیرۆکی (ڕێگایەکی تر بۆ عەشق)دا، کوڕێک لە سەربازی هەڵاتووەو ماوەی چوار ساڵێکە لە گوندێکدا دەژی. ماوە ماوە دایکی سەردانی دەکات و پێداویستی و هەواڵی شارو نامەی هاوڕێیانی و نازەنینی دولبەری بۆ دەهێنێت. چەند مانگێک نامەی نازەنین نایەت، دواتر دایکی پێی دەڵێت بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا کردووەو گوللە بەردەستی ڕاستی کەوتووەو ناتوانێت نامەی پێ بنووسێت.(ئارام کاکەی فەلاح، 1991: 29). ئەم چیرۆکە وەکو چیرۆکی زێراب، هەردوو بابەتی شەڕی عێراق و ئێران لەلایەک و خۆپیشاندانەکانیش لەلایەکی دیکە، لایەنی ڕامیارییان پێکهێناوە. چیرۆکنووس لەڕێگای کەسی سەرەکیی چیرۆکەکەوە بڕوانەبوونی بەم شەڕە ڕاگەیاندووەو بەشداری تێدانەکردووەو لێی هەڵاتووە و بەمشێوە تایبەتە بەرەنگاریان بووەتەوە. لەلایەکی دیکە کچانیش وەکو کوڕان بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا کردووەو برینداریش بوونە. ئەمە ڕەوایەتی خەباتەکە پیشاندەدات کە هەموو ڕەگەزو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بەشدارییان تێداکردووە. ئەمەش بەرەنگارییەکی ڕاستەوخۆیە. ئەوەی جێگەی سەرنجە کوڕەکە لە خەباتی ڕووبەڕووبوونەوە دوورکەوتووەتەوە، لەکاتێکدا کچەکە ڕاستەوخۆ لەناو خۆپیشاندانەکاندایە.

لە چیرۆکی (سڕبوون)دا، کە ئەمەش لە دووتوێی کۆمەڵە چیرۆکی (زێراب – 1991)ە، دیسان شەڕی عێراق و ئێران کاریگەری خۆی بەجێهێشتووە. هەورامان هەڵاتووی سەربازییە، لە گوندێکدا دەژی. بەیانییەک هەواڵی هاتنی سووپا بۆ دەستگیرکردنی هەڵاتووان بڵاودەبێتەوە. سوپا دێت و ماڵ بە ماڵ دەگەڕێت، هەورامان بە یارمەتی دراوسێیەکیان دەستگیرناکرێت.(ئارام کاکەی فەلاح، 1991: 36). هەرچەندە هەورامان لە گوندێکی دوورەدەستە، بەڵام هەمیشە مەترسی لەسەر ژیانیدا هەیە. ئەمەش سادەترین چەمکی شەڕە کە لەگەڵ خۆیدا ماڵوێرانی و ناسەقامگیری دەهێنێت. چیرۆکنووس دەخوازێت ئەوە بڵێت کە دەستی نەگریسی شەڕ دەگاتە هەموو کونجێک، ئەگەر کونجەکە دوورەدەستیش بێت.

لەو چیرۆکانەی کە کەتوونەتە دووتوێی کۆمەڵە چیرۆکی زێرابەوە، تێبینی ئەوە دەکەین هەردوو بابەتی خۆشەویستی و ڕامیاری تێکهەڵکێشی یەکتربوونە. پەیامی چیرۆکنووس لەم چیرۆکانەدا، خەباتێکی هاوبەشە کە هەردوو لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری شانبەشانی یەکتر دەڕۆن.

ئەگەرچی چیرۆکی (دیوەخانی ئەستێرەکان) لایەنی کۆمەڵایەتیی بەسەردا زاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی ڕامیاریی لە شوێنێکدا دەبێتە ئاماژەیەکی گرینگ. کوڕێک پەیوەندی خۆشەویستیی لەگەڵ کچێکدا هەبووە، دواتر کچەکە بە

کوڕەکەی گوتووە دڵڕەقی و بەجێی هێشتووە. لە ئێستای چیرۆکەکەدا کوڕەکە لە بیری ئەوەدایە بۆ ((کچەکە دەسەلمێنم کە هەرگیز دڵڕەق نەبوومە، تەنیا لە کاتی ڕاپەڕیندا دڵڕەق بوومەو لە پێشی پێشەوە بوومە))(ئارام کاکەی فەلاح، 1998: 13). خەڵکی کوردستان لە ڕاپەڕین و بەرەنگارییەکی جەماوەرییدا، ڕاپەڕینی ئاداری 1991 بەرپاکرد، ئەم ڕاپەڕین و بەرەنگارییەش دەرفەتێکی مەزنی بۆ گەلی کورد ڕەخساندو لە جەورو ستەمی ڕژێمی ئەوکات ڕزگاری بوو. کوڕەکە دەیەوێت ڕاپەڕینەکە بەجۆرێکی دیکە بکاتە دەرفەتێک تاوەکو کچەکە وەکو جاران پەیوەندی لەگەڵی ببەستێتەوەو بەردەوامی بە ئەڤینەکەیان بدەن.

لە چیرۆکی (دەروشانەوەی مەحاڵ)دا، تیپێکی تۆپی پێ هەیە. کاپتنی تیپەکە کە یاریزانی هێڵی هێرشبردنیش بووە، باسی تیپەکەیان بەشێوەیەکی ورد دەکات کە تەمەنی یەکساڵ بووەو لەو ساڵەشدا زۆر دەروشاوەتەوەو پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە. کاپتنەکە ئەوە باس دەکات تیپەکەمان لە ساڵانی هەشتا بووە، گۆلپارێزەکەمان ڕۆژێک لۆرییەک لێی داو ئیتر هەڵنەستایەوە. چوار یاریزانەکەی هێڵی بەرگری، وەک بەرەنگارییەک ڕۆژێک بڕیاردەدەن بەشداری شەڕی وڵات لە دژی دراوسێیەکەی نەکەن و لە سنوور بپەڕنەوە، بەڵام پاسەوانانی سنوور تەقەیان لێدەکەن و هەر چواریان لەوێ دەکوژرێن.(ئارام کاکەی فەلاح، 2007: 88). دوو لە یاریزانەکانی هێڵی ناوەڕاستیش ڕۆژێک دەچنە لای باخەکانی تەوێڵە کە ویستوویانە پارەو نامە بۆ برایەکانیان ببەن کە لە ڕیزی شۆڕش بوونە، بەر بۆردوومانکردنی فڕۆکە دەکەون و گیان لەدەستدەدەن. بێگومان ئەمە کەشی ساڵانی هەشتای بەسەرەوەیە کە شەڕی عێراق و ئێران لە گەرمەی دابووە. ئەم شەڕە نەگریسە کاری لە هەموو بوارێکی ژیان کردووە، تیپێکی تۆپی پێ کە ژمارەیان یازدە یاریزانە، نیوەی زیاتریان بەهۆی ئەم شەڕەوە لەناوچوونە.

## 2-2. ڕوانگەی چارەنووسی نەگۆڕ

بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ لە ژیانیدا بەرێڕەوی جیاوازدا تێپەڕدەبێت، هەشە لەسەر ڕاستەڕێیەک ژیانی دەگوزەرێنێت و بەرزی و نزمیی لێنابینرێت. مرۆڤ لەو کاتەی لەڕووی ئەقڵ و جەستەوە تەواو پێدەگات، دەسەڵاتی بەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی خۆیدا دەبێت. هەندێجاریش هێزی لەڕادەبەدەر و شاراوە چارەنووسی مرۆڤ دیاریی دەکەن و دەسەڵاتی خۆی کەم دەکەنەوە. ئەوەی خۆی ئارەزووی کردووە و پلانی بۆ داناوە، وا ناکەوێتەوە. لەم کاتەدا مرۆڤ چەندە چارەنووسی بەدەستی خۆیەتی، ئەوەندەش هێزی دیکە، ڕێککەوت و قەدەر، نەخشەڕێگای بەهەردوو دیوی باش و خراپەوە بۆ دەنەخشێنن. لەم ڕووەوەش دوو خاڵی گرینگ سەبارەت بە چییەتی چارەنووسەوە هەیە:

1/ بیردۆزێکی فەلسەفییە کە پێی وایە هەرچی بەسەر مرۆڤدا دێت، پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە، یان دیاریکراوە و هەر دەبێت ڕووبدات. چونکە لە چارەنووسی مرۆڤ نووسراوە.

2/ وەک چەمکێک لە بواری خواناسیدا، واتە چارەنووس و بەسەرهاتەکانی مرۆڤ لەلایەن خوداوە پێشوەخت دەستنیشان کراوە و هیچ دەرفەتێک نییە مرۆڤ خۆی لێ لابدات.(حەیدەر هەمەوەند، 2020: 104).

لە چەند چیرۆکێکی ئارام کاکەی فەلاحدا چارەنووسی چەند کاراکتەرێکی لە دوو سەردەمی جیاوازدا هەر وەک خۆیان ماونەتەوە. واتە گۆڕانکاریی ڕامیاریی گەورە ڕوویداوە، بەڵام چارەنووسی چەند کەسێک هەر وەک خۆی ماوەتەوە، بەتایبەتی ڕووداوی ڕاپەڕینی ئاداری 1991ی خەڵکی کوردستانی باشوور بە زەقی دەبینرێت. وەک چۆن ڕاپەڕینەکە کاریگەرییەکی زۆری ڕامیاریی بەسەر خەڵکی کوردستانی باشوور بەجێهێشت، بەهەمان شێوەش لە چەند چیرۆکێکی ئەودا ئەو کاریگەرییە دەبینرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند چیرۆکێکی دیکەیدا تێبینی ئەوە دەکەین ئەو ڕاپەڕینە گەورەیە چارەنووسی هەندێک کەسی چ لە ڕیزی شۆڕشەوە بووبێت یان لە ڕیزی ڕژێمەوە بووبێت، هەروەکو خۆی هێشتووەتەوە. واتا ئەو کردەوە گەورەیە چارەنووسی هەندێک کەسی نەگۆڕیوە، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە. ئەمەش ڕوانگەیەکی تایبەتیی چیرۆکنووسە. قوربانیی پێش ڕاپەڕینی هەر بە قوربانیی لە دوای ڕاپەڕینیش هێشتووەتەوە، سوودمەندی پێش ڕاپەڕینی هەر بە سوودمەندبوون لە دوای ڕاپەڕین هێشتووەتەوە.

له چیرۆكی (دەمامک)دا، پێشمەرگەیەک لە پێش ڕاپەڕین لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی لە شەڕێکیاندا لەگەڵ سوپای عێراقدا هاوڕێکانی شەهیددەبن و ئەویش بریندارەدەبێت و هەواڵی نامێنێت. لەلایەن هەندێ هاوڕێی بەشەهید لەقەڵەم دەدرێت. لەدوای ڕاپەڕین پەیدادەبێتەوە، هاوڕێیەکانی کە بوونەتە لێپرسراوی گەورە، بە زیندوویەتییەکەی خۆشحاڵ نابن، بەڵکو هەر زۆر پێیانناخۆشیشە. چونکە لەبارەی ئەو دەیان داستانی ئازایەتییان دروستکردووە، پەیکەریان بۆ دروستکردبوو، وێنەیان لەسەر پول نەخشاندبوو، خەریکبوون لەسەر دراویش چاپی بکەن. بەڵام زیندوویەتییەکەی خەونەکانی ئەوان لەگۆڕدەنێت. نەیاندەزانی چی لێبکەن، تەنانەت بیریان لە کوشتنیشی کردەوە، بەڵام پەشیمان بوونەوە. لە کۆتاییدا لەنێوان خۆیاندا سوێندیانخوارد کەس بەزیندوویەتییەکەی نەزانێت و لە کۆشکەکەیان نەچێتە دەرەوە.(ئارام کاکەی فەلاح، 1998: 67). لەم چیرۆکەدا جیهانبینیی چیرۆکنووس بەرانبەر بە پێشمەرگایەتی دەگۆڕێت، ئەو ڕوانینەی بۆ پێشمەرگایەتیی پێش ڕاپەڕین هەیەتی، ئەوە نییە کە لە دوای ڕاپەڕین هەیەتی. پێش ڕاپەڕین گیانی قوربانیدان زاڵبووە، دوای ڕاپەڕین بەرژەوەندی و پلەو پایە. لەگەڵ ئەوەشدا چارەنووسی پێشمەرگە لەدوای ڕاپەڕینیش هەروەکو پێش ڕاپەڕین دەمێنێتەوە. پێشمەرگەکە لەپێش ڕاپەڕین ماوەیەکی زۆر چارەنووسی نادیار بووە، بە شەهید لە قەڵەم درابوو. دوای ڕاپەڕینیش هاوڕێیانی سوێندیان خواردووە چارەنووسی بە نادیاری بمێنێتەوە و کەس بەزیندوویەتییەکەی نەزانێت. کەواتە ئەم پێشمەرگەیە لە هەردوو سەردەمەکەدا هەروەکو خۆی ماوەتەوە و ڕاپەڕین هیچ گۆڕانکارییەکی لە ژیان و چارەنووسیدا دروستنەکردووە.

چیرۆکی (ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت)، ڕەنگێکی تەواو ڕامیاریی بەسەردا زاڵە. لە ئێستای چیرۆکەکەدا کوڕێک بە قاچاغ گەیشتووەتە ئەوروپا و لە ژوورێکی لێپرسینەوەو پێدانی مافی پەناهەندەیی دایە، لە بەرانبەر کچێکی قژزەردی چاوسەوزدا دانیشتووەو باسی منداڵیی خۆی و چۆنیەتی هاتنی دەکات.(ئارام کاکەی فەلاح، 2010: 23). باسی ئەوەی بۆ کردووە هەر لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا لە وڵاتەکەی شەڕو شۆڕ هەبووە. تەنانەت شەڕ لەو وێنانەشی ڕەنگیدابۆوە کە بۆ مامۆستاکەی کێشاویەتی. ئەوەشی بۆ باسکردووە لە پێش ڕاپەڕین بەتۆمەتێکی گەورە دەستگیرکراوە. تۆمەتەکەش ئەوە بووە دەموچاوی لەیەکێک چووە کۆمەنیست بوویێت و نوێژیشی کردبێت و ئینگلیزییەکی باشیشی زانیبێت. ئەم تایبەتمەندیانەی وای لە حکومەت کردووە گومانی لێبکەن و لە ژوورێکی تاکەکەسیدا تاوەکو ڕاپەڕین بەندی بکەن. ئەوەش بۆ خانمەکە باس دەکات لەدوای ڕاپەڕین بە پارەو ئیمتیازی باش لەگەڵ حزبەکان کاری کردووە.(ل29). دواتر لەگەڵ ئەمریکییەکان بەپارەیەکی باش کاری وەرگێڕان دەکات. چەند جارێکیش لە ئێران و تورکیا بیندراوە. ئەمانە وای لێدەکەن لەلایەن هێزێکەوە بەتۆمەتی خائینێکی گەورە دەستگیربکرێت. لە ژوورێکدا لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بەنددەکرێت، ڕۆژێک دووچەکدار لێیان دێنە ژوورەوەو دەستڕێژییان لێدەکەن، ئەو بە ڕێککەوت گوللەیەک بەر قۆڵی دەکەوێت و دەکەوێتە بن تەرمەکان و ناکوژرێت، دواتر لە پەنجەرەیەک بە بریندراری هەڵدێت و لە شوێنێکی دوور لەلای پیرەمێردێک دەگیرسێتەوە. پیاوەکە پزیشکی بۆ دەهێنێت و تیماری دەکات. ئەمانەشی بۆیە بۆی کردووە چونکە شێوەی لە کوڕەکەی خۆی چووە کە پێش ماوەیەکی کەم ناردبوویە ئەوروپا، بەڵام تەرمەکەی بۆ هاتەوە. دواتر ئەم کوڕەش ڕەوانەی ئەوروپا دەکات. کوڕەکە ئەوەش بە خانمەکە دەڵێت من لە وڵاتەکەی خۆم بە تاوانبارو خائینێکی گەورە لە قەڵەم دراوم، ئەگەر لە وڵاتی ئێوەش بسوڕێمەوە ڕەنگە یەکێک بڵێ تۆ زۆر لە کوڕەکەی من دەچی کە لە بۆسنیاوە نەگەڕایەوە. یەکێکی دیکە دەڵێ تۆ کت و مت لە جگەرگۆشەکەی من دەچی کە لە ئەفغانستان نەهاتەوە. ئەم کوڕە وێنەی کوڕێکی نێودەوڵەتیی ناو شەڕو شۆڕەکانە. وێنەی گەنجێکە بەتاوانی جیاجیا تۆمەتبارکراوە. خۆشی خاوەن ئایدۆلۆژیاییەکی دیاریکراو نەبووە. بەرژەوەندی وای لێکردووە ئیشی جودا لەگەڵ خاوەن ئایدۆلۆژیای جیاوازدا بکات. ئەم کوڕە کۆمەڵێک وێنەی جیاوازی ڕامیاریی پێکهێناوە، هەندێکی خۆی دروستی کردووەو هەندێکی دیکەشی

بۆی دروستکراوە. وەک چۆن پێش ڕاپەڕین بەندکرابوو و چارەنووسی لە مەترسیدا بوو، بەهەمان شێوەش لە دوای ڕاپەڕینیش ئەو چارەنووسەی هەبووە.

لە چیرۆکی (نووسینەوەی درۆ)دا، کۆنە موستەشارێک بەناوی (شێخ غەفوری قەترانی) هەیە. داوا لە نووسەرێک دەکات بیرەوەرییەکانی بۆ بنووسێتەوەو کۆمەڵێک درۆ و ڕووداوی هەڵبەستراویشی بۆ دروستبکات، لەبەرانبەریشدا پارەیەکی باشی دەداتێ. شێخ غەفور پێش ڕاپەڕین موستەشارێکی بەناوبانگ بووە، شەڕی بۆ حکومەت کردووەو پیاوی بۆ کوشتووە، ئارەزووی لە هەر مولکێک ببوایە، بەناوی خۆی دەکرد. لە کاتی ڕاپەڕینی ئاداری 1991، فەرمان بە پیاوەکانی دەکات بچنە ڕیزی گەلەوە.(ئارام کاکەی فەلاح، 2013::42). بەمشێوەیە لە کەمترین کاتدا لە خائینێکی گەورە دەبێتە نیشتیمانپەروەرێکی دڵسۆز. شێخی قەترانی نموونەی ئەو کەسانەیە لە هەموو سەردەمێک بەرژەوەندی خۆیان دەپارێزن، ئینجا ئەو بەرژەوەندییە لەسەر هەر پشتکردنێک بێت لە بیروباوەڕی پێشووی خۆیان. هەرچەندە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین دوو کاتی تەواو جیاوازن، بەڵام بۆ شێخی قەترانی هیچ جیاوازییەکی نەبووە، چونکە هێزو دەسەڵاتی وەکو جاران ماوەتەوە.

## 3-2. ڕوانگەی ڕەخنەیی

ڕەخنە بە چەمکە فراوانەکەی لە ئاستی وشەیی و زاراوەییدا کە خۆی لە جیاکردنەوەی شتی تەواو و دروست لە شتی ساختە، لەگەڵ دەرخستنی لایەنی باشی و خراپی، جوانی و کەموکورتیی، بەهێزی و لاوازیی دەقێکی ئەدەبی یان هەر کارێکی مرۆڤ لە چوارچێوەی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندندا دەبینێتەوە.(الدکتور محمد التونجي، الجزء الثاني، 1999: 864). ئەم چەمکە بۆ ڕامیارییش زۆر گونجاوە. وەک چۆن دەقی ئەدەبی ئەنجامی هەوڵ و کۆشش و داهێنانی مرۆڤە و دواتریش ڕەخنەی لێدەگیرێت، بەهەمان شێوەش سیستەمێکی ڕامیارییش لێکەوتەی هەوڵ و کۆششی مرۆڤە. هەر شتێکیش مرۆڤ دایهێنابێت، شیاوی ئەوەیە ڕەخنەی لیبگیرێت، ئینجا ئەو شتەش ئەگەر سیستەمێکی بەرفراوانی ڕامیاریی، یان دەسەڵاتێکی ڕامیاریی توندو تیژبێت و کارەکانی بە ڕوونی و ئاشکرایی ڕایی نەکات و لێکەوتەی خراپی هەبێت، ئەوا مسۆگەورە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە.

وەک ئاشرایە ڕاپەڕینی ئاداری 1991 ڕووداوێکی ڕامیاریی گەورە بوو، لەدوای خۆی هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە. دەرگایەکی ئازادیی بەڕووی خەڵکی هەرێمی کوردستان کردووە. سەرەڕای دەیان دەستکەوتی دیکەش. بێگومان لەدوای خۆشی چەند کێشەیەکی لێکەوتەوە، وەک ململانێی توندی حزبەکانی و شەڕی ناوخۆ و برسییەتی و چوونە هەندەرانی گەنجان و کێشەی دیکەش. ئەم ڕووداوە گەورەیە بەشێوەیەکی بەرچاو لە چەند چیرۆکێکی ئارام کاکەی فەلاحدا ڕەنگیداوەتەوە. لەو چیرۆکانەی کە باسی دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991 و لێکەوتەکانی دەکەن، تێبینی ئەوە دەکەین کە چیرۆکنووس بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە شێوەیەکی ڕەخنەیی سەیری ڕووداو و لێکەوتەکانی دوای ڕاپەڕین دەکات.

یەکەم دەرکەوتنی ڕوانگەی ڕەخنەیی لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاحدا لە چیرۆکی (من بە بووکێکی گەورەوە)دا دەبینرێت. کوڕێک لە هەندەران لە فرۆکەخانەیەو چاوەڕێی خوشکە گەورەکەی دەکات کە داوەتنامەیەکی یەک مانگی بۆ ناردووە. ئەم خوشک و برایە لە بنەڕەتدا خێزانێکی چوارکەسی بوونە کە دایک و باوکیشیان لەگەڵ بووە، دایکیان کە نەخۆش بووەو لەسەر کورسییەکی خولاوبووە، کە مردووە باوکیان شوێنی دایکیانی لەسەر کورسییەکە گرتووەتەوە. بەردەوام لە تەلەفزیۆن سەیری هەواڵە ڕامیارییە ناخۆشەکانی دەکرد. کوڕەکە دەڵێت: ((هەواڵەکان ئەوەندە ناخۆش و دڵتەزێن بوون، تەمەنی باوکمیان دەدورییەوە، تا ڕۆژێکیان هەر لەگەڵ دەستپێکردنی هەواڵەکانی ناوخۆدا باوکم لەسەر کورسییەکە بەلاداهات و گیانی سپارد))(ئارام کاکەی فەلاح، 2010: 42). لێرەدا خوشک و برایەک دەمێننەوە. دواتر شەڕی براکوژی دەستپێدەکات، بارودۆخی وڵات دەشێوێت. خوشکەکە ئامۆژگاری برایەکەی دەکات وڵات بەجێبهێڵێت و لە شوێنێکی تردا ژیانێکی ئاسوودە پێکەوەبنێت. ئەم خێزانە ژیانێکی ئاسایی دەژیان، هۆگربوونی باوکیان بە هەواڵە ڕامیارییە ناخۆشەکان و شەڕی براکوژیش

وای کرد شیرازەی ئەم خێزانە تێکبچێت. ئەمەش سادەترین کاریگەریی باری خراپی ڕامیارییە کە کاریگەریی نەرێنیی بەجێدەهێڵێت. چیرۆکنووس زۆر ڕاشکاوانە پەنجە لەسەر تراژیدیای براکوژی دادەنێت. بەو شێوەیە وێنەی کێشاوە کە کوڕێکی گەنج و خاوەن تاکە خوشکێک وڵات بەجێبهێڵێت.

لە چیرۆکی (دڵێک لە کەلاوە)دا، کوڕێک لە هەندەرانە، دەخوازێت بۆ ماوەی چوار ساڵ بگەڕێتەوە وڵات و خزمەتێک بکات. بەڵام کچێک دڵی داگیرکردووەو لەبەر ئەو ناتوانێ بڕیاری سەفەر بدات. خاوەن دڵێکی ناسکە. بۆ ئەم مەبەستەش چووەتە خولێکی بەهێزکردنی دڵ. لە خولەکەدا باسی دڵی خۆی و کچەکەیان بۆ دەکات. باسی ئەوەش دەکات ساڵی پار دوای پازدە ساڵ گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی خۆی. لە شارەکەی خۆیدا پیاسەی کردووە. سەرێکی لە باخچەی ساوایانی داوە کە بە منداڵیی لێی بووە، کە بینیویەتی بووەتە بارەگای حزبێک و کۆمەڵێک گەنجی تووڕە بەچەکەوە لەبەردەمی وەستابوون، ئەویش پرسیارێکی لێکردوون، لەجیاتی وەڵام، خەریکبووە پەلاماری بدەن.(ئارام کاکەی فەلاح، 2010: 52). کوڕەکە ئەوەش دەڵێت قوتابخانەی سەرەتاییەکەی ببوە سەربازگە، ویستوویەتی لێی نزیک بێتەوە، بەڵام چوار دەوریان گرتووە.(ل52). ئەم دیاردەیەش لە دوای ڕاپەڕین تا ماوەیەک هەبوو کە زۆر ناوەندی خوێندن ببوونە بارەگای حزبەکان و چەکداریشی لێبووە. چیرۆکنووس لەم گۆشەیەوە ڕوانینی ڕەخنەگرانەی خۆی لە هەندێک دیاردەی دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991 دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانینەکانی بۆ وڵات و پێشمەرگە لە پێش ڕاپەڕین ڕوانینێکی ئەرێنییەو بە چاوێکی پیرۆز لە خەباتی پێشمەرگەو نیشتیمان دەڕوانێت.

چیرۆکی (کافکا لە سابوونکەران) پەیوەستییەکی زۆری بە ڕۆمانی (بەدگۆڕان)ی کافکاوە هەیە. گریگۆر سامسای کەسی سەرەکیی ڕۆمانەکە بەیانییەک لە خەو هەڵدەستێت بووەتە قالۆنچەیەکی گەورە. ئەم خراپ گۆڕانەشی پەیوەندی بە باری دەروونی و سیستەمی سەرمایەداری و مۆدێرنتەوە هەبووە. گریگۆر شاسواری ئەم چیرۆکەش کە قوتابی زانکۆیە، بەیانییەک لە خەو ڕادەبێت و تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ زیادبووەو بووەتە پیرەمێردێک. شاسوار کوڕێکە لە تەمەنی گەنجی و منداڵیدا لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێران و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ئەنفالەکان و ڕاپەڕین و کۆڕەو شەڕی براکوژیدا ژیاوە.(ئارام کاکەی فەلاح، 2013: 78). هەر یەک لەم شەڕو کارەساتانە چمکێکی تەمەنیان بردووەو هەرزوو پیریان کردووە. شاسوار نمونەی گەنجێکە کە هیچ چێژی لە بەهاری تەمەنی خۆی نەبینیوەو هەر زوو پایزی ڕووداوە ناخۆشەکان گەڵای تەمەنیان هەڵوەراندووە.

لە چیرۆکی (پێشانگای برین)دا، کوڕێک کەسی سەرەکیی چیرۆکەکەیە. تەمەنی چەند هەفتەیەک بووە دایکی دووبارە شووی کردووەتەوە. ئەو پیاوەی شووی پێکردووە، لەگەڵ کوڕەکە زۆر خراپ بووە، چەوساندوویەتییەوەو ئازاریشی داوە. هۆی سەرەکیی دووبارە شووکردنەوەی دایکی کوڕەکە بەم پیاوەی ئێستای، لەبەر ئەوە بووە کە پیاوەکەی پێشووی (باوکی کوڕەکە) لە شەڕی ناوخۆی کوردستاندا کوژراوە.(ئارام کاکەی فەلاح، کانونی یەکەمی 2018: 198). بێگومان شەڕی ناوخۆی کوردستان (براکوژی)، شەڕێکی ناڕەواو نەگریسە. ئەم شەڕە سەرەڕای ئەوەی گیانی پیاوەکەی بردووە، دۆزەخێکی بۆ کوڕەکەش دروستکردووە. هەر چەندە کوڕەکە ئەم شەڕەی نەبینیوە، بەڵام بووەتە قوربانیی شەڕەکەو کەوتووەتە دەست زڕباوک و بەئارەزووی خۆی یاری بەچارەنووسی کردووە. ئەمە ئەنجامێکی هەر شەڕێکە لە مەودای کورت و درێژدا کاریگەریی نەرێنیی بەدیاردەکەوێت. چیرۆکنووس ئەوەی بەلاوە گرینگە کە شەڕی ناوخۆی کوردستان چ کارەسات هێنە، ئەمەش نەک بۆ ئەوانەی بەشداریان تێیداکردووە، بەڵکو بۆ ئەوانەشی کە لێی دووربوونە.

## 4-2. ڕوانگەی کردەی ڕامیاریی گەورە لە گۆشەی بچووکەوە

وەک چۆن لە فەلسەفە و ڕامیارییدا تاکێک دەبێتە جێی بایەخ و لەوێوە هەنگاو بۆ ناسینی خێزان و کۆمەڵگا دەهاوێژرێت و تەنانەت ئەو تاکە بەسەر خێزان و کۆمەڵگاشی زاڵدەکەن.(حەیدەر هەمەوەند، 2020: 139) و (هتشنسون، 1997: 346). لە دەقی ئەدەبیشدا بەتایبەتی چیرۆک، بایەخدان بە تاکێکی کۆمەڵگا و

وێناکردنی بەشێوەیەکی هونەریی، دوو ئەنجامی گرینگ بەدەستەوە دەدات:

1/ چیرۆکنووس لەو تاکەوە گوتاریی ئەدەبیی خۆی لە جیاتی خێزان و کۆمەڵگا پەخشدەکات.

2/ دەقی چیرۆک بەهۆی قەبارەکەیەوە زۆر گونجاوە کە بایەخ بە تاکێک بدرێت. لێرەدا ئەو دەرفەتە دەرەخسێت کە وێنەی تاکێکی کۆمەڵگا بەجوانی بکێشرێت، بەڵام ناتوانرێت بە هەمان وردەکارییەوە وێنەی کۆمەڵگایەک لە قەبارەی پرۆکێکدا بکێشرێت، کە ئەمەی دوایی بۆ ڕۆمان زۆر گونجاوە.

ڕامیاریی بەشێوە گشتییەکەی ئەوەی تایبەتە بە سیستەمی ڕامیاریی دەوڵەتێک و هونەری بەڕێوەبردنی حکومەت و پێکهاتەی سیستەمێکی ڕامیاریی، شێوەیەکی گەورە و فراوانی هەیە. ئارام کاکەی فەلاح لە چەند چیرۆکێکیدا، لە گۆشەی بچووکەوە فەلسەفە و سیستەم و ئایدۆلۆژیایەکی بەرفراوانی ڕامیاریی دەخاتەڕوو.

لە چیرۆکی (وڵاتی پەیکەرەکان)دا، ڕووبەڕووی حکومەتێکی دیکتاتۆری دەبینەوە کە لە یەکی نیساندا بڕیارێکی دەرکردووەو داوا لە هاوڵاتیانی دەکات لە ماوەی سێ ڕۆژدا پەیکەرێک دروستبکەن و لە شوێنێکدا دایبنێن. بڕیارەکە زۆر کت و پڕ و سەیر بووە، خەڵک بە درۆی یەکی نیسانیان زانیوەو گاڵتەیان پێی هاتووە. دواتر سەرۆکی وڵات لە تەلەفزیۆن ڕاستیی بڕیارەکە پشتڕاست دەکاتەوەو داواشیان لێدەکات پەیکەری سەربازێکی ون، تێکۆشەرێک، دایکتان، باوکتان، تەنانەت دەتوانن پەیکەری منیش دروستبکەن.(ئارام کاکەی فەلاح، 1998: 46). لێرەدا بەئاشکرا مەیلی دیکتاتۆری و خۆپەرستیی سەرۆک بەدیاردەکەوێت کە جەخت لەسەر دروستکردنی پەیکەری خۆی دەکاتەوە. ئەمەش هزرێکی باوی زۆربەی سەرۆکە دیکتاتۆرەکانە کە زۆر بایەخ بە پەیکەری خۆیان دەدەن. بڕیارەکەی حکومەت بڕیارێکی ناچاریی بووە، دەبێت هەموو کەسێک پێوەی پابەندبێت، ئەوەی ڕەتیشی بکاتەوە، بەتوندترین شێوە سزادەدرێت. بابەتی سەرەکیی ئەم چیرۆکە سەرنجمان بۆ کۆتایی ساڵانی هەشتا دەچێت کە ئەوکات حکومەتی عێراق داوای لە خەڵک کرد دەبێت ڕووی دەرەوەی خانووەکانیان بە بۆیەی سپی یان تبنی بۆیە بکەن. بڕیارەکەش ناچاری بوو. دیکتاتۆرییەتی نێو ئەم چیرۆکە لەڕێگەی دروستکردنی پەیکەرەوە بەرجەستەکراوە، ئەوەی کۆتایی ساڵانی هەشتاش لەڕێگەی بۆیەکردنەوە بووە. ئەم چیرۆکە بەوە کۆتایی دێت پەیکەرێکی زۆر دروستکرابوو، لە هەموو کۆڵان و پێش دەرگایەک هەبوون، چاودێری خەڵکیان دەکرد، تەنانەت هاوڵاتیان نەیاندەتوانی لەبەر پەیکەرەکان لە ماڵیش بێنە دەرەوە.(ل52). بێگومان ئەم چاودێریکردنە، پیشەو تایبەتمەندیی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانە کە هەموو کات لە هاوڵاتیانی خۆیان بە گومانن. چیرۆکنووس لە ڕێگەی بڕیارێکی سەیر و تاڕادەیەک کۆمیدییەکی ڕەش، چییەتی ڕاستەقینەی ڕژێمێکی دیکتاتۆری پیشانداوە. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکنووس کە لە گۆشەی بچوکەوە، ڕووبەرێکی فراوان پیشاندەدات.

ئەگەرچی چیرۆکی (سەعاتی سفر) باسی شەڕەبەفری نێو کۆڵانان دەکات، بەڵام بەشێوەیەک پلانیان بۆ داڕشتووە وەک ئەوەی دوو هێزی گەورەی شەڕکەر بەرانبەر یەکتر وەستابن و چاوەڕێی دەستپێکردنی شەڕ بکەن. ئەوانەی بەنیازن شەڕەبەفر بکەن، وەک سووپایەکی بەئەزموون کەرەستەو کەلوپەلی شەڕکردنیان ئامادەکردووە. پێش شەڕەکە لەگەڵ یەک لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتوون، وەک: چارەنووسی دیلەکان و چارەسەرکردنی بریندارەکان و ئەوانەی دەخوازن خۆیان بەدەستەوە بدەن. هەردوولا لەسەر ئەوەش ڕێککەوتوون کە نابێت پەنا بۆ سوپای دەرەکی ببەن کە پێشتر وایان کردووە.(ئارام کاکەی فەلاح، 1998: 71). ئەمانە گشتیان پلان و تایبەتمەندیی سوپان، بەڵام لە ڕاستیدا کارەکە شەڕەبەفری نێوکۆڵانانە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە کە شەڕەکان لەدوای خۆیاندا بەجێیان هێشتووە. سادەترین کاریگەری شەڕو شۆڕەکان لە یاری شەڕەبەفریش ڕەنگیداوەتەوە. لێرەشدا چیرۆکنووس لە گۆشەیەکی بچوکەوە کاریگەرییە مەزنەکانی شەڕەکان پیشاندەدات.

لە چیرۆکی (خەونی زێوان)دا، چوار پێنج زێوانی گۆڕستان بە لافیتەو هوتافکێشانەوە هاتوونەتە بەردەم ماڵی پارێزگارو داواکارییەکیان هەیە. پاسەوان و پیاوانی ئاسایشیش

ویستوویانە لێیان بدەن و بڵاوەیان پێبکەن. ئەوانیش هەرزوو نامەی داواکارییان پێشکەشکردووە کە گۆڕستانەکەیان جێگەی ناشتنی تەرمی تێدانەماوە، داوایان لە پارێزگار کردووە یان پارچە زەوییەکیان بۆ دابین بکات، یاخود مردن قەدەغەبکات. زێوانەکان لە ترسی گیانی خۆیان ئەوەشیان بەپیاوانی ئاسایش گوتووە مەبەستی شۆڕش و ئاژاوەنانەوەیان نییە، هیچ وڵاتێکی دراوسێ و بێگانەو ئیمپریالیزمیش لە پشت داواکارییەکانیان نییە، تەنیا ویستوویانە خزمەت بە شارەکەیان بکەن. زێوانەکان هەستیان کردووە دەسەڵات بە گچکەترین خۆپیشاندان و نارەزایی دەشڵەژێت، بۆیە هەرزوو مەبەستی ئاشتیانەی خۆیان ڕاگەیاندووە.(ئارام کاکەی فەلاح، 2003: 78). ئەمەش ئاکامی ئەوەیە ڕژێمە توندەکان بە گچکەترین نارەزایی و داواکاریی سەغڵەت دەبن و تۆمەتی جۆراوجۆریان دەدەنە پاڵ و دەیکەنە بەهانەیەکی گەورە تاوەکو بەهەر شێوەیەک بێت نارەزایەتییەکەیان خامۆش بکەن و خۆپیشاندەرانیش دەستگیربکەن. چیرۆکنووس لە وێنەی خۆپیشاندانی چوار پێنج زێوانەوە، بابەتی دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و بێگانەو ئیمپریالیزم دێنێتەوە گۆڕێ، کە ئەمانەش ڕەهەندێکی ڕامیاریی گەورەیان هەیە.

چیرۆکی (ئەو پیاوەی بوو بە بەرد) کەشی کۆمەڵایەتیی بەسەردا زاڵە، بەڵام ئەو برە لایەنە ڕامیارییەی دەردەکەوێت بناغەیەکی بەهێز بۆ چیرۆکەکە دادەمەزرێنێت. غەریب ڕێکۆرد لەم چیرۆکەدا بەدوای چارەنووسی ئەو ژنەوەیە کە هەموو لەشی بووەتە برین. ژنەکە ئەوە بۆ غەریب باس دەکات پیاوەکەی هەمیشە لە خەونیدا ڕەشەبای بینیوە، جارێک ڕەشەبایەکی بەندکردبوو، دەنگێک لەناو ڕەشەبایەکە پێی گوتبوو ئازادم بکە نهێنییەکت پێ دەڵێم. دوای ئازادکردنی، دەنگەکە پێی گوتبوو زوو فریای ژنەکەت بکەوە، هەتا ئەو دەگات ژنەکەی لە کانی عاشقان بەر چەکی کیمیایی کەوتووەو برینێک لەسەر جەستەی پەیدابووە.(ئارام کاکەی بەلاح، 2007: 64). دواتر ژنەکە لە غەریب وندەبێت، غەریب دەچێتە هەڵەبجەو وێنەی ژنەکە بە ژنانی ئەوێ پیشاندەدات، باسی برینەکەشی دەکات. ژنانی ئەوێ پێی دەڵێن ئەو برینانە لەلای ئەوان ئاشنایە، ئێمەش برینی وامان هەیە، بەڵام کەس نەیبینی.(ل64). بێگومان باس باسی کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە لە 1988/3/16 وەکو ڕووداوێکی تراژیدیی. جیهان لەو کاتەدا هیچ قسەو هەڵوێستێکی نەبوو. لەبەر بەرژەوەندیان ڕووداوەکەیان شاردەوە. چیرۆکنووس لەڕێگەی برینی جەستەی ژنەکەوە، ئەو کارەساتە گەورەیەی باسکردووە. ئێمە لە برینی دەستەی یەک کەسەوە هەست بەم هەموو ئازارو مەینەتییە دەکەین، ئەدی برینی شارێک دەبێت چۆن بێت؟ ئەمەش هێزی ئەدەب بەگشتی و ئەم تایبەتمەندییەی چیرۆکنووسە کە لە گۆشەی بچوکەوە، دیمەنێکی بەرفراوانمان پیشاندەدات.

لە چیرۆکی (پەنجەمۆری تەنیایی)دا، لەڕێگەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنییەوە ڕووبەڕووی بارودۆخی بێ مووچەیی دەبینەوە. کانیاو باجی سەبری لە ماڵەکەیدا کۆمەڵێک ئینجانەی هەیە، ئەوەندە حیکایەتی بۆ گێڕاونەتەوە، لە جیاتی گوڵ، کتێبیان گرتووە. باڵابەرزی هاوڕێی پێی دەڵێت تەلەفۆن بۆ بەرنامەی شتە سەیرو سەمەرەکان بکا تاوەکو خەڵاتێکی باشت بدەنێ و لەو بێ مووچەیی ئەو ماوەیە دووچاری بووی ڕزگارت دەبێت.(ئارام کاکەی فەلاح، 2021: 241-242). وەک ئاشکرایە لەدوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991، فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم، چەندینجار بەهۆی چەندین کێشەی ڕامیاریی و ئابوورییەوە، بێ مووچە بوونە یاخود مووچەکانیان دواکەوتووە. هەرچەندە مووچە بابەتێکی ئابوورییە، بەڵام ڕیشەکەی بۆ ناکۆکی و ململانێیە ڕامیارییەکان دەگەڕێتەوە. چیرۆکنووس وەک ئاماژەیەک لە ڕێگەی گۆشەی بێ مووچەییەوە، بارودۆخی ڕامیاریی خستووەتەڕوو.

## ئەنجام

لەدوای ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند ئەنجامێک، گرینگترینییان ئەمانەن

1-ئارام کاکەی فەلاح لەو چیرۆکانەی کە لایەنی ڕامیاریی تێدایە و باس لە ڕووداوەکانی پێش و ساتی ڕاپەڕینی ئاداری 1991 دەکەن، ڕوانگەیەکی بەرەنگاریی دژی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق هەیە و بەچاوێکی نیشتیمانیی بەرز سەیری خەباتی پێشمەرگە دەکات و وەکو شۆڕشگێڕێک دەردەکەوێت.

**2-ئارام کاکەی فەلاح لە چەند چیرۆکێکیدا ڕاپەڕینی ئاداری 1991 کردووەتە نێوەندی دوو سەردەمی ڕامیاریی جیاواز، سەردەمی پێش ڕاپەڕین و سەردەمی دوای ڕاپەڕین. لەگەڵ ئەوەشدا چارەنووسێکی نەگۆڕی بۆ هەندێ کەسی هەردوو سەردەمە جیاوازەکە هێشتووەتەوە. واتا ئەوەی لەسەردەمی پێش ڕاپەڕین قوربانیی بارودۆخی ڕامیاریی بووە، لەدوای ڕاپەڕینیش هەر بە قوربانی ماوەتەوە. ئەوەشی لە پێش ڕاپەڕین سوودمەندی ڕامیاریی بووە، لەدوای ڕاپەڕینیش هەر بە سوودمەندی ماوەتەوە.**

**3-لەو چیرۆکانەی ئارام کاکەی فەلاح کە باس لەدوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991 دەکەن، ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی بۆ ڕاپەڕین و لێکەوتەکانی هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵێک ڕووداو و هۆکارەوە، گرینگترینییان شەڕی ناوخۆی کوردستانە.**

**4-چیرۆکنووس خاوەن شێواز و تایبەتمەندی و جیهانبینییەکی تایبەتی ڕامیارییە، لە چەند چیرۆکێکیدا لە گۆشە و ڕووداوی بچووکەوە، بارودۆخ و فەلسەفە و سیستەمێکی گەورە و بەرفراوانی ڕامیاریی خستووەتەڕوو، ئەمەش بۆ قەبارە و تەکنیکی چیرۆک زۆر گونجاوە.**

**5-ڕووداوە ڕامیارییەکانی هەردوو دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمی تایبەت بە باشووری کوردستان هەر لە جەنگی عێراق – ئێران و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالەکان و ڕاپەڕین و کۆچڕەو و شەڕی ناوخۆ و چوونە هەندران و ڕووداوی دیکەش، گرینگترین ئەو لایەنە ڕامیارییانەن کە لە چیرۆکەکانی ئارام کاکەی فەلاح بەشێوە و ئاستی جیاواز هەن. چیرۆکی (ئەو کوڕەی لە زۆر کەس دەچێت)، دیارترین چیرۆکییەتی کە زۆرترین ڕووداوی ڕامیاریی لەخۆگرتووە، ڕووداوەکانیش کاریگەرییەکی نەرێی قووڵیان بەسەر کەسی سەرەکیی چیرۆکەکە بەجێهێشتووە.**

## سەرچاوەکان


- **به زمانی کوردی**

1- **ئارام کاکەی فەللاح (1991)، زێراب – کۆمەڵە چیرۆک -، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی سارا – ستۆکهۆڵم.**

2- **ئارام کاکەی فەلاح (1998)، بەیازی گوڵفرۆشێک – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی میدیا – ستۆکهۆڵم.**

3- **ئارام کاکەی فەلاح (2003)، وێنەکان دووبارە دەبنەوە – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی کاکەی فەلاح – سلێمانی.**

4- **ئارام کاکەی فەلاح (2007)، نووسینەوەی دڕک – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی ڕۆژنامەی ئاوێنە – سلێمانی.**

5- **ئارام کاکەی فەلاح (2010)، بلیتێک بۆ جەهەنەم – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی یاد – سلێمانی.**

6- **ئارام کاکەی فەلاح (2013)، من و کامێراکەم – کۆمەڵە چیرۆک -، چاپخانەی یاد – سلێمانی.**

7- **ئارام کاکەی فەلاح (کانوونی یەکەمی 2018)، پێشانگای برین – چیرۆک -، گۆڤاری (باران) ژمارە (9).**

8- **ئارام کاکەی فەلاح (2021)، پەنجەمۆری تەنیایی - چیرۆک -، گۆڤاری (وانەر) ژمارە (2).**

9- **ئازاد وەلەدبەگی (2011)، فەرهەنگی سیاسیی نیگا، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.**

10- **ئیبراهیم قادر محەمەد (ئابی 1997)، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا 1970-1980، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.**

11- **ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید (د) (2010)، ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا، چاپخانەی خانی – دهۆک.**

12- **پشکۆ نەجمەدین (2011)، تیرۆژێک لە ئەدەب .. تویژاڵێک لە سیاسەت – دیمانە و لێکۆڵینەوە -، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.**

13- **جولیان فرۆند (1997)، سۆسیۆلۆژیای سیاسی – سیاسەت و دەوڵەت -، و: هەڵکەوت عەبدوڵلا، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (2).**

14- **حەیدەر هەمەوەند (2020)، فەرهەنگی فەلسەفە، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – سلێمانی.**

15- **سەلام ناوخۆش (پ.ی) و ئەوانی تر (2009)، کوردۆلۆجی، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە – هەولێر.**

16- **عەبدوڵلا ڕەحمان (د) (2010)، کۆمەڵگە لە ڕۆمانی کوردیدا، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە – هەولێر.**

17- **کەمال مەعرووف (د) (2003)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپخانەی ژین – سلێمانی.**

18- **محەمەد چیا (2006)، فەرهەنگی فەلسەفی، چاپی سێیەم، چاپخانەی مەهارات – تاران.**

19- **محەمەدڕەفیق حەسەن (2012)، ئەزموونی چیرۆکنووسین، چاپخانەی لەریا – سلێمانی.**

**نەجات حەمید ئەحمەد (ئابی 2005)، ئەدەب و سیاسەت، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (29).**

- **به زمانی عەرەبی**

1- أمل حسن أحمد (د) (2015)، علم الاجتماع المعرفي، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة – عمان، الأردن.

2- پول ارون و الأخرون (2012)، معجم المصطلحات الأدبية، ت: الدكتور محمد حمود، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع – بيروت.

3- جاک رانسيير (2010)، ساسية الأدب، ت: رضوان ظاظا، المنظمة العربية للترجمة – بيروت.

4- سمير حجازي (د)(بدون سنة الطبع)، المتقن، معجم المصطلحات الغوية والأدبية الحديثة، دار الراتب الجامعية – بيروت،.

5- سهيل حسيب سماحة (2005)، قاموس سمير الموسوعي، دار نشر سمير – بيروت.

6- طه وادى (د) (1996)، الرواية السياسية، دار النشر للجامعات المصرية.

7- محمد التونجي (د) (1999)، المعجم المفصل في الأدب، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية – بيروت.

8- هتشنسون (1997)، معجم الأفكار و الأعلام، ت: خليل راشد الجيوسي، دار الفارابي – بيروت.

**•بە زمانی ئینگلیزی**

1- Cambridge (2013), Cambridge advanced learners dictionary, fourth edition, Cambridge university press.

2- M.H. Abrams (2005), a glossary of Literary terms, Eighth edition, U.S.A, 2005.

3- Oxford (2006), oxford wordpower dictionary, third edition, oxford university press, 2006.

**پێگەی ئەلیکترۆنی**

1- **شوقي عبدالحميد يحيى** (**نوفمبر** 2020)، **القراءة السياسية للقصة القصيرة، مجلة** (**الكلمة**)، **العدد** (163).

http: //www.alkalimah.net/articles.



## Abstract:

This study, which is entitled 'The Political Side in the Stories of Aram KakaiFalah', is an effort to show the political side in his stories that he has published as a contemporary storywriter since the 1980s and continues till now. Accordingly, the paper arrived at its results in two different sections the first of which is to introduce and define politics and literature and show the relationship between them. Then a glance is given to Kurdish politics and literature and elucidate the type and the relationship between them. At the end of this section there is a list of the most important features of the political story. The second section illustrates the political aspect of Aram KakaiFalah's stories within the scope of the subtopics (resistance perspective, fixed fate perspective, critical perspective, political action perspective from small angles).